Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٢٣)

دووشەممە ٢٠٢٥/٩/١

# پەنجەرەکەی کوردستان بەڕووی جیهان




گەشتی ڕاستەوخۆ لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بەرەو ٣١ شاری جیهان

گرافیک: سەردار ستار

# بەرزترین پردی کوردستان

## بەکەرەستەی چەمەکانی سۆران



دیمەنێکی کارکردن لە پرۆژەکە





**سیروان مەحموود ئەرگۆشی**

کاتێک دەگەیتە دەروازەی سۆران، لە دەستە چەپی یەکەمین چرای هاتوچۆ، شەقامێکی دوو ساید بەتەنیشت هۆڵی بۆنەکانی سۆراندا ڕەت دەبێت، تاکو دەگاتە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە ٤٠ مەتر پانی درێژ دەبێتەوە. ئێستە وەکو پرۆژەیەکی ستراتیژی کاری تێدا دەکرێت و کیلۆمەترێک دوای ئەو شەقامە دۆڵە، بۆ پەڕینەوە بەسەر ئەو دۆڵەدا پردێک بنیات دەنرێت، کە بەرزترینی کوردستان و عێراقیشە.

هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دەڵێت ئامانجی سەرەکیی پرۆژەکە، کەمکردنەوەی جەنجاڵی و قەرەباڵغیی سەر شەقامە سەرەکییەکانە و ڕێگەوبانی باش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بووژاندنەوەی بازاڕ و ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی کاڵا دەکات، دەرفەتێکیشە بۆ پێشخستنی بزاڤی گەشتیاری، بەتایبەتی کە ئێستە لە سۆران ماستەرپلانێکی گەورەی گەشتوگوزار بەسەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیران جێبەجێ دەکرێت.

پرۆژەی شەقامی ٤٠ مەتریی سۆران کە لەلایەن کۆمپانیای کاڤین گرووپەوە دیزاین کراوە و جێبەجێ دەکرێت، لە ١٤ی شوباتی ٢٠٢٤ەوە دەستی پێ کراوە، ئەندازیار سامان محەمەد بەڕێوەبەری پرۆژەکە ئاشکرای دەکات ماوەی قۆناغی یەکەم (٩٠٠) ڕۆژە، بەدرێژیی (٣٢٠٠م) و بەرینیی (٤٠م) دوو ساید، ناوبڕەکەی (١٠م)ە، لە هۆڵی بۆنەکانەوە دەست پێ دەکات تا دەپەڕێتەوە دەشتی دێڵزیان، پردێکی (٣٠٠م)ی بەیەکتریان دەبەستێتەوە، ئێستە (٨٥٠م)ی سەرەتای پردەکە کۆتاییی هاتووە و (٩٠٠م)ی بەشی کۆتاییی پردەکەش مەزرایەکانی تەواو بوونە و تێکەڵڕێژ کراوە.

ئەو دۆڵەی پردەکەی بەسەردا تێدەپەڕێت، دەکرێت بەپارکێکی گەورە و فراوان، پردەکەش لە جۆری (بیم بریج) دەبێت کە توانای بەرگەگرتنی بوومەلەرزەی هەیە و هەر سایدێکیشی دەتوانێت ٦٢ تۆن و نیو قورسایی هەڵبگرێت.

پردەکە لە هەندێک شوێن بەرزییەکەی دەگاتە (٣٢م) و کارێکی تەواو ناوەخۆییە بە کەرەستە و دەستی کاریشەوە، ئەندازیاری پرۆژەکە دووپاتی دەکاتەوە لە کرێکار بۆ ئەندازیار، لە سەرەبەرد بۆ شیش و چیمەنتۆیەکەی هەمووی کوردستانین، تەنانەت قوم و چەگلی دەم چەمەکانی سۆرانی بۆ بەکار هێنراوە.

جگە لە نزیککردنەوەی ڕێگەکانی سۆران و دەوروبەری و ئاسانکردنی هاتوچۆ، ئەم پرۆژەیە نرخی زەویشی بەرز کردووەتەوە، خاوەن نووسینگەیەکی خانووبەرە لە سۆران دەڵێت نرخی زەوی لەو ناوچەیەی شەقامە ٤٠ مەترییەکەی پێدا ڕەت دەبێت، پێشتر ٢٠٠ مەتری دووجا نزیکەی شەش هەزار دۆلار بوو، ئێستە گەیشتووەتە نزیکەی حەڤدە هەزار دۆلار، واتە بەڕێژەی نزیکەی ٤٠٠٪ بەرز بووەتەوە.

وەلید محەمەد دانیشتویەکی گوندی دیلزیانە لە بارەی ئەو پرۆژەیەوە دەڵێت "ئەو جادەیە وەناکەت خەڵکی ناوچەی سیدەکان بێتەوە ناو شار و لە دوو سایدەکەی بەڕێ دەکەویت، تەماتێ سیدەکا ناچیتۆ ناو شاری، یەکسەر دێچیتە هەولێرێ، هەرچی کارگەش هەیە دەتوانن سوود لەو شەقامە وەربگرن، بارێکی گازن پێ بوێت تا بە ناو بازاڕدا دێت زۆر خەما پێوە دەخۆین، بەڵام کە بەو جادەی دابێت، بێ خەمە بین و زووتریش دەگاتە کنە مە".



# پەنجەرەکەی کوردستان

## ئاسمانی هەولێر بە ڕووی 31 شاری جیهان کراوەتەوە

**ڕێبەند سەعدوڵا**

لە ٢٠٠٣دا، کردنەوەی دەروازەیەکی ئاسمانی، بۆ وڵاتێکی بێ کەنار و بە دوژمن دەوردراودا، شادەماری ژیان بوو. ئەوڕۆ دوای ٢٢ ساڵ، خەڵکی کوردستان دەتوانن لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە، کە خاوەنی یەکێک لە ١٠ درێژترین فڕگەکانی جیهانە، ڕاستەوخۆ بەرەو ٣١ شار لە ١٧ وڵاتی جیاواز گەشت بکەن.

فڕۆکەخانەی نوێ، بەشێوەیەکی کاتی لەسەر کەلاوەیەکی بەجێماوی ڕژێمی پێشووی عێراق بنیات نرا، کە تا ١٩٩١ وەک بنکەی سەربازی بۆ شەڕی گەلی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بەکار دەهات، لە تێرمیناڵێکی بچوک، پارکێکی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و شوێنێک بۆ وەستانی فڕۆکە پێک هاتبوو، لەگەڵ فڕگەیەکی کورتی ٢٨٠٠ مەتری بە پانی تەنها ٣٠ مەتر.

لە ٢٠٠٣دا یەکەم فڕۆکەی بازرگانی لە هەولێر نیشتەوە، یەکەم گەشتی فەرمیی فڕۆکەخانەش لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٥ ئەنجام درا، بەهۆی پێشکەوتنی خێرای هەولێری پایتەخت لە ڕووی سیاسی، بازرگانی و گەشتیارییەوە، ژمارەی گەشتە ئاسمانییەکان و ڕێژەی گەشتیاران زوو زیادی کرد، لەو ساڵەدا حکوومەت بڕیاری دا فڕۆکەخانەیەکی گەورەتر و مۆدێرن لە تەنیشت فڕۆکەخانە کۆنەکە دروست بکات.

نەخشەی فڕۆکەخانەی نوێ لەلایەن گرووپی سکۆت ویلسۆنی بەریتانی داڕێژرا، بە هاوئاهەنگی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیایەکی بیانی لە هەمان ساڵی ٢٠٠٥دا، فڕۆکەخانەی نوێ بنیات نرا.

لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، سەرباری شەڕە داسەپێندراوەکان، ئاژاوە سیاسی و ئابوورییەکانی دوژمن بۆ بەرگرتن لە پێشڤەچوونەکانی هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە، شان بەشانی بەهێزبوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و کرانەوەی کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتی زێدەتری وڵاتانی جیهان، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر ڕژدتر بەستراوەی جیهانی دەرەوە بووە، دواهەمین فرەوانبوونیش، دەست پێ کردنی گەشتی هەولێر–ئەسینا بوو، کە لەلایەن هێڵی نیشتمانیی یۆنانی (ئێیگیان ئەیر)ەوە ئەنجام دەدرێت. ئەحمەد هۆشیار بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لە ئاماژەیەکدا بۆ زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی ئەو هێڵە ئاسمانییانەی ڕوو لە هەولێر دەکەن، بە (گڵکەند)ی گوت ئێستا ١٨ هێڵی ئاسمانیی هەرێمی و جیهانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە ڕۆژانە و هەفتانە گەشتی ڕاستەوخۆیان بۆ ٣١ شاری جیهان هەیە.

هاتنی ئەو کۆمپانیا فڕۆکەوانییانە دەرەنجامی زیادبوونی جووڵەی گەشتیاری و بازرگانیین، بەڵام وەک بەڕێوەبەری گشتی باسی دەکات، پێدانی ڤیزا لەلایەن کۆنسوڵخانەکانی وڵاتانی ئەورووپا و ناوچەکە لە هەولێر، هۆکارێکی گەورەی کرانەوەی گەشتی هێڵی ئاسمانیی نوێیە لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو وڵاتانی دەرەوە.

هەروەها پێشڤەچوونی بەرچاوی هەولێر لە ڕووی شارسازی و ئاوەدانییەوە، سەرباری ئارامییە نموونەییەکەی، هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی گەشتیارانی بیانی و گەشتی سەردانی هاووڵاتییانی کوردستانی تاراوگەنشینە بۆ زێد.

لەوەتەی ٢٠٠٥ەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بە سیستەمی پێشکەوتووی ئاسایش، چاودێری و پشکنینی ورد دەناسرێتەوە، بەم هۆیەوە گەشتیاری هەولێر لە فڕۆکەخانەکانی ئەورووپا بە ئاسانی و بێ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی پشکنین و لێپرسینەوە تێدەپەڕێت. لەمبارەوە دانا تۆفیق بەڕێوەبەری کارگێڕیی فڕۆکەخانەکە دەڵێت حکوومەت هەموو ئاسانکاری و پێداویستییەکی بۆ فڕۆکەخانەکە و هێڵە ئاسمانییەکان دابین کردووە، وەک کارگێڕییەکی بەهێز، ئاسایش، پشکنینی پاسپۆرت بۆ بەرگرتن لە ڤیزا و پاسپۆرتی ساختە، هەروەها کۆمپانیای خزمەتگوزاریی پێشکەوتوو، کە لە کۆتاییدا بووەتە هۆکاری بەدەستهێنانی متمانەی هێڵە ئاسمانییەکان و فڕۆکەکانی جیهان.

ئەو بەرپرسە ئیدارییە، هاتنی هەردوو کۆمپانیای یۆرۆوینگز و ئێیگیان ئەیر لە ماوەی ئەمساڵدا بۆ هەولێر، بە نیشانەیەکی ئەرێنیی فرەوانبوونی هەولێر بە ڕووی ئەورووپا لێک دەداتەوە، ئاماژەش بە فرەوانبوونی بەردەوامی گەشتەکانی کۆمپانیای ناوخۆیی فلای ئەربیل دەکات، کە گەشتەکانی لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانیی ئوور ئێیرلاینەوە بەرەو چەند شارێکی ئەورووپا و وڵاتانی ناوچەکە ئەنجام دەدات.

لە ساڵی ٢٠٢٣دا دوو ملیۆن و ٧٤ هەزار و ٤١ گەشتیار لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە گەشتیان کردووە. ساڵی ٢٠٢٤ ئەو ژمارەیە زیادی کرد بۆ دوو ملیۆن و ١٢٨ هەزار و ٦٥٩ کەس. دانا تۆفیق دەڵێت کۆتایی ساڵی رابردوو و ئەمساڵ ٢٠٢٥، ڕووداوەکانی شەڕ و پێکدادانی سەربازیی ناوچەکە بوونە هۆی هەڵوەشانەوەی دەیان گەشتی ئاسمانی، بە تایبەتییش شەڕی ئێران و ئیسرائیل، بۆ ماوەیەک جووڵەی گەشتە ئاسمانییەکانیان ڕاگرت.

کۆمپانیای خۆماڵیی فلای ئەربیل گەشتی ئاسمانیی بۆ زیاتر لە ٢٠ شار هەیە، کە هەشتیان لە ئەورووپان، لەمبارەوە حەمید ئازموودا بەڕێوەبەری مارکێتینگی کۆمپانیاکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا نوێترین هێڵی گەشتیان بۆ ئەڵمانیا و بە دیاریکراوی بۆ شاری شتووتگارت دەست پێ کرد.

دەشڵێت کۆمپانیاکەیان نزیکەی ٤٠٪ی گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر پێک دێنێت.

فڕگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر درێژییەکەی ٤٨٠٠ مەتر و پانییەکەی ٧٥ مەترە، لە ڕیزی ١٠ درێژترین فڕگەی فڕینی جیهان دایە. تێرمیناڵی گەشتیارەکان توانای خزمەتکردنی چوار ملیۆن و ٥٠٠ هەزار گەشتیاری هەیە لە ساڵێکدا. ●



وێنە: گەیلان حاجی




وێنە: سەفین حەمید

# پرۆژەیەکی حکوومەت پاسکیلێك دەکات بە مۆنیومێنت

عەبدولستار ئەحمەد باغەمرەیی

پاشماوەی پاسکیلێکی ژەنگاوی لە باخچەی ماڵی عەلی مام سەعدون ڕاگیراوە، نە مۆنیۆمێنتە و نە پاشماوەی یاریی منداڵان، بەڵکو یادگاریی زەحمەتییەکانی ٣٠ ساڵی ڕۆژگاری خێزانێکە، بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوە و تەزووی کارەبا.

دوای ئەوەی عەلی مام سەعدون ساڵی ١٩٩٥ پاسکیلێکی بە ٦٠ دینار کڕی و لێزانانە کردی بە ئامرازێکی جیاواز، لە ماڵەکەیدا لە شارەدێی دارەتوو بۆ ماوەی سێ دەیە بۆ ڕاکێشانی ئاو لە بۆڕیی سەرەکی بەکاری هێنا.

عەلی لە بارەی پاسکیلەکەیەوە بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە "ئەوە یادگاریی زەمانی بێ کارەبایی و بێ ئاوییە. ٣٠ سار زیاتر عەزابمان خوارد، باش بوو مەشروعی ئاوی فریاگوزاریمان گەیشتێ، ئاو و ئاوەدانیی لۆ هینایـن".



عەلی مام سەعدون لەبەردەم کۆنە پایسکیلەکەی

پاشماوەی ئەو پاسکیلەی ئەمڕۆ لە باخچەی ماڵی عەلی ڕاگیراوە، کاتی خۆی بەهۆی نەبوونی تەزووی کارەبا و نەهاتنی ئاوەوە، بەجۆرێک دروست کراوەتەوە کە بە پەیدان لێدان ئاو ڕابکێشێتە ناو بۆڕیی ماڵەکە. لە لاشەیەکی پاسکیل پێک هاتووە کە دوو سووکانی هەیە لەگەڵ یەک ڕینگی بێ تایە و جووتێک پەیدان و زنجیرێک. وەختی خۆی گوریسێکی ئەستوور و توندوتۆڵیان لە ڕینگەکەی هەڵدەکێشا و وەک قایشی موبەڕیدە بە مزەخەیان دەبەستەوە، ئەندامانی خێزانەکە بە نۆرە پەیدانیان لێ دەدا، تا بەگوێرەی پێویست ئاو لە بۆڕیی گەڕەکێ ڕابکێشن.

ئەو پاسکیلە بۆ سێ دەیە جێی تەزووی کارەبای گرتبووەوە، خەڵکێکی زۆر سوودیان لەو بیرۆکەیە وەردەگرت و ئاویان پێ ڕادەکێشا. مام عەلی دەڵێ هەندێک جار بە دوو سێ ماڵ پاسکیلێکی لەو جۆرەیان دروست دەکرد، چونکە باری ئابووریی خەڵک لەوەش خراپتر بوو کە بتوانن پێویستییەکی لەم جۆرە دابین بکەن.

ئەو پیاوە بەتەمەنە کە بەکەسێکی قسەخۆشی دارەتوو ناسراوە، لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا پەیدانی زۆری لەو پاسکیلە داوە، بەدەم بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیەوە بۆ ماوەی کاتژمێرێک، قسەی خۆش و نەستەقیشی بۆ دەوروبەرەکەی کردووە، کە لە پەیدانلێدانیش دەبووەوە، هەر لە جێوە لێی پاڵ دەدایەوە و دەیگوت «ئەمن هەموو ڕۆژێ لۆ چار پێنج پەقرەجە ئاوی، دەچمە کۆیێ و دێمەوە".

دوای ئەوەی پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاوی هەولێر جێبەجێ کرا، کێشەی ئاوی دارەتووی چارەسەر کرد، ئەو پیاوە زەحمەتکێشەی شارەدێیەکە لەم بارەیەوە دەڵێ "خەرکی دارەتوو زیاتر لە سی سارە بەدەست بێ ئاوییەوە لە ڕەزاڵەت داین، عومر باقی لە سێبەری ئەو مەشروعە دەحەسێینەوە".

ڕۆژی ٢٠ی تەمووزی ڕابردوو، بەئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێوڕەسمی کردنەوەی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی فریاگوزاریی خێرای گەیاندنی ئاو بۆ شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

پرۆژەکە لە ڕۆژێکدا ٤٨٠ هەزار مەتر سێجا ئاو دەپاڵێوێت، هەروەها بۆ هەر کاتژمێرێک ٢٠ هەزار مەتر سێجا بەشێوازێکی ٢٤ کاتژمێری ئاوی خاوێن کە شیاوە بۆ خواردنەوە، بۆ گەڕەکەکانی شاری هەولێر دابین دەکات و تا ٣٠ ساڵی داهاتوو، شاری هەولێر لە کەمئاوی دەپارێزێت.





عەبدولباسیت فەرهادی

## یاساكانی کامێرای هاتوچۆ

ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی پێشکەوتووەکان، سوود لە بوارە جیاجیاکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا وەردەگیرێ بۆ سوودی مرۆڤ و کامێرای چاودێریی وردبین لە زۆر شوێن و کات بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوەی هەیە، بۆ نموونە لە یارییەکانی تۆپی پێ.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، لە دادگە، کەیسی شۆفێری پاسێک کە کاری گواستنەوەی قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی دەکرد، خەڵک و دادوەرانی تووشی شۆک کرد. کاتێ ئەو شۆفێرە دەروون نەخۆشە بەئاشکرا دانی بەتاوانی هەڵخەڵەتاندن و دەستدرێژیکردنە سەر دەیان قوتابیی کچی هەرزەکار و گەنج دانا لەوانەی ڕۆژانە هاتوچۆی پێ دەکردن.

هەرچەندە سزایەکی زۆر قورس درا، بەڵام ئەم حاڵەتە بووە جێی پرسیار ئاخۆ چەندان حاڵەتی دیکە و شۆفێری نەفسنزمی دیکەی لەم شێوەیە هەن، کە ڕۆژانە ئێمەی باوک و دایک متمانەیان پێ دەکەین و ڕۆڵەکانی خۆمانیان پێ دەسپێرین، کەچی وەک گورگ وان لە پێستی مرۆڤ و خیانەتمان لێ دەکەن.

حاڵەتی دیکەمان هەبوو کارمەندێکی تەندروستی دوو منداڵی بەخزمێکی خۆی دەسپارد کە شۆفێری تەکسی بوو، تا بیانباتە قوتابخانەی سەرەتایی، کەچی دەستدرێژیی کردبووە سەر هەردووکیان و ئەویش ئاشکرا بوو و سزا درا.

دوکاندارێکیش نیوەڕۆیان بەتایبەتی لە هاوینان تاوانی زۆر قێزەونی لەگەڵ منداڵانی گەڕەک ئەنجام دەدا.

ئەو جۆرە تاوان و حاڵەتانە کە دەگەنە دادگە، تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن. بۆ ڕێگری لەم جۆرە تاوانانە و پاراستنی دەنگ و ناو و ئاکاری بەرزی شۆفێران و دوکانداران و هەر کاسبکارێک کە خەڵک هاموشۆیان دەکەن کە زۆربەیان کەسانی ڕەوشت بەرز و بە ئەخلاقن، پێویستە کامێرای چاودێری لەناو پاس و تەکسی و مۆڵ و کۆگە و چێشتخانە و کافتریا و شوێنە گشتییەکان دابنرێ، بە مەرجێک لەسەر دەرگەی دوکان و مۆڵ و پاس و تەکسی و شوێنەکانی دی، ئاگەداری و هێمای بوونی کامێرا دابندرێ تا کەسەکان و سەرنشینەکان ئاگەداری ڕەفتار و گوفتاری خۆیان بن کاتێک سواری تەکسی و پاس دەبن یا سەردانی شوێنە گشتییەکان دەکەن. پێویستیشە کۆنترۆڵ و چاودێریی ئەو کامێرایانەش لە دەستێکی ئەمین بێ، بۆ نموونە بەشێک لە ئاسایش هەبێ بە ناوی ئاسایشی کامێراکانی چاودێری و لە کاتی ڕوودانی هەر سەرپێچی و تاوانێک، دوای زانینی شوێن و کاتەکە، سوودی لێ وەربگیرێ.

یاساکانی هەرێمی کوردستان پێویستە گرینگی بەکامێراکانی چاودێری بدەن و یاسایەکی تایبەتی بۆ داڕێژن، چونکە تا ئێستە یاسا نییە.

# خواردنگەکانی تا بەیانی جمەیان دێت

زیرەک تاریق

کات لە دووی شەو نزیک دەبێتەوە، بێدەنگی باڵی بەسەر زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێردا کێشاوە، شار خۆی بۆ خەوێکی قووڵ ئامادە دەکات، بەڵام دۆخەکە لە شەقامی ئیسکان، شتێکی دیکەیە، لێرە وا هەست دەکەیت ژیان تازە دەست پێ دەکات.

دووکەڵی سپیی کەبابی سەر خەڵووز و بۆنی فەلافلی گەرم و چێشتە کوردییەکان، تێکەڵ بە دەنگ و قاقای پێکەنینی گەنجان و قسەی فرۆشیارە ماندوونەناسەکان دەبێت.

نانخواردنی درەنگانی شەو و بەرەبەیانیان لە هەولێر تەنیا بۆ تێرکردنی سکی برسی نییە، بەڵکو بووەتە کولتوور و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، گەنج و گەشتیار و کرێکارانی شەوانە بۆ خواردن و خواردنەوەی چا لەو جادەیە کۆ دەبنەوە.

سەمیر مزەفەر (تەمەن ٣٧ ساڵ) ماوەی ١١ ساڵە لە خواردنگەیەکی ئیسکان کار دەکات، هەزاران شەوی بێخەویی لەم جادەیە بەسەر بردووە، دەڵێت «لێرە نۆکاو و مەخلەمە و قیمە دەفرۆشین، شەو و ڕۆژ خواردنمان هەیە و دوکان داناخەین". دەڵێت زۆربەی ئەو کەسانەی شەوان ڕوویان تێ دەکەن، گەنجانی هەولێر و گەشتیارانی عەرەبن، چونکە ئیسکان تاکە بازاڕە لە هەولێر تا بەرەبەیان کراوەیە.

بە قسەی ئەو، قەرەباڵغیی ڕاستینە لە کاتژمێر دوازدەی شەوەوە دەست پێ دەکات و تا دووی بەرەبەیان بەردەوام دەبێت، دواتر لە بەرەبەیانەوە قەرەباڵغی دروست دەبێتەوە.

کڕیارە سەرەکییەکانی شەوان گەنجانن، یان ئەو کەسانەن کە بەتەنیا دەژین و کارەکانیان تا درەنگانی شەو دەخایەنێت. بەیانیانیش چیرۆکێکی دیکەی هەیە؛ فەرمانبەران پێش دەوام ڕوو لە خواردنگەکان دەکەن بۆ خواردنی ماست و قەیماغ و نانی بەیانی. سەمیر جەخت لەوە دەکاتەوە یەکێک لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی ئیسکان، هەرزانییەکەیتی، کە وای کردووە هەر کەسێک دەچێتە ئەوێ، بە دوو سێ هەزار دینار تێر دەخوات.

سووچێکی دیکەی جادەکە، ژێدەر فەرامۆشی تەمەن ٢٢ ساڵی لێیە، کە لەگەڵ باوکی خەریکی برژاندنی گۆشت و کەبابە. خواردنگەکەیان لە کاتژمێر چواری ئێوارەوە تا چواری بەیانی کراوەیە. ژێدەر دەڵێت کە ئەوانەی درەنگانی شەو دێن، بە زۆری گەشتیارن، باڵی مریشک و سنگی مریشک و تکەی گۆشت دەخۆن. دەشڵێت لە ئێوارانەوە تا ١٢ی شەو بەشی زۆری میوانەکانیان خێزانن. لە دوای ١٢ی شەوەوە تەنها گەنج دەچن.

لەناو ئەم قەرەباڵغییەدا، سەربوردەی ئەنجام عەزیزی تەمەن ٢٩ ساڵ، وێنەیەکی دیکەی کولتووری ئیسکان دەخاتە ڕوو، ئەو گەنجە دوای پێنج ساڵ ژیان لە دانیمارک، شەوێک گەڕاوەتەوە هەولێر و دەڵێت "سەعات یەک و نیوی شەو لە مەتاڕی هەولێرێ دابەزیم، برام هاتبووە دووم، گۆتم کوڕە زۆرم برسییە، شتەکم لۆ پەیدا کە، لێی پرسیم حەزم لە چییە؟ گۆتم دەمرم لۆ لەفەکی فەلافلی".

ئەنجام بەدەم خواردنی فەلافلەکەیەوە درێژە بەباسەکەی دەدات و دەڵێت "بەڕاستی زۆر جیاواز و بەتامە، لە ئەوروپا بیری خواردنەکانی هەولێرێم دەکرد. هەر ئەو شەوی لە تەیارەی دابەزیم پێش ئەوەی بچمەوە مارێ، هاتمە ئیسکان و فەلافم خوارد، ئێستەش زۆربەی شەوەکان دێینە ئێرە نانی دەخۆین".

کات لە چواری بەرەبەیان نزیک دەبێتەوە، هێشتا بۆنی نۆکاوی کوڵاو و گۆشتی برژاو دێت، گەرماییەک بەگیانی ڕێبواران دەبەخشێت، کە ئەوەی جارێکیش بەوێدا تێپەڕی بێت، هەتا دنیا ماوە تینەکەی لە یاد ناچێت. لەودیوی ئیسکانیشەوە، تەواوی شار بەئارامی نووستووە، کەچی ئێرە جمەی دێت، دەڵێی دڵی هەولێرە، نەک هەر لە لێدان ناکەوێت، بەڵکو هەوێنی هەستانەوەی گەڕەکەکانی دیکەی شاریشە لە بەرەبەیانێکی نوێدا.









وێنەکان: شڤان هەرکی

## دەفر



تەڵعەت تاهیر

## کاروانی کەوانەیی

برینەکان دەبنە وشە، وشەکان لە جەستەی مێژووماندا نابنە برین، مێژوومان ڕووبارێکە دووبارە لێی دەپەڕینەوە، زمان و زەمان و نیشتیمان هەر یەکە و پەلێکت ڕادەکێشن، خەم لە هەناوتا چرۆ دەکا: ئەرێ تۆ نەتەوەی یان دارستان؟ شەومان چەند سەدەی خایاند: ئەرێ خۆری سەر بەیداخەکەت بەڕاستی خۆرە؟ ئیتر بە کەنار قەناعەت ناکەم، چیتر دوو قەفی پانتۆڵەکەم هەڵناکەم و لە دوورەوە لە نەهەنگەکان بڕوانم. کەواتە ئەی نەفسی ئازیزم: بەرەو دەریا، بەرەو قوڵایی دەریا.

***

ئەی نیشتیمان بۆ دەبێ هەموو شتێ بدۆڕێنم، تا بتبەمەوە؟

ئەوە چۆن منت بردەوە، بێ ئەوەی هیچ بدۆڕێنی؟

***

شوێنت هەیە بوەستم؟

ئەم زەوییە هەر دەسوڕێتەوە و لێناگەڕێ ڕۆژگارم لەلات جێبێڵم.

ژیان هێندە خێرا دەڕوا، بەشی ژاکاندنی قژی ئەو منداڵانەش ناکا،

بە خلیسکانەی بەرائەتدا بەرەو پیری غلۆر دەبنەوە.

زۆر لە دار دەچیت:

چەند کۆنیش بیت، دەتوانیت ئاگری گەورە بکەیتەوە.

***

بە خوێندنەوەی خەون نەبێت، مەحاڵ نانوسرێتەوە

لە سێبەرەوە بڕۆ جەستە،

لە تەماشاوە بڕۆ بینین،

بە سروشت بڵێ مەمنوونت نیم،

لەش: پیربوون و نەخۆشی و مردن،

ڕۆح: ئەو کاتە بایە کە کەنار دوورە.

***

دەشێ مێژوو چرپا بووبێت،

کەچی بۆ ئێمە هەمیشە سەرین بووە.

***

نەتەوەکەم

لەو جوتیارە دەچێت،

کە خاوەنی ڕەگە: بەڵام بەری دیار نییە.

***

ئەو نەتەوەیە لە مێژوودا

خۆی کەوانەیی ڕێ دەکا،

بۆیە هیچ تیرێک ناهاوێژێ.

# وەبارهێنانەوەی دار لە سەربانێکی تەیراوە



هەرمان خالید

لە دڵی هەولێردا کە ڕۆژانە تاوەرە کۆنکرێتییەکان بەرز دەبنەوە و خووی بەکاربردنی کەلوپەلی نوێ بەخێرایی گەشە دەکات، گەنجێکی دەستڕەنگین بەبێدەنگی لە سەربانی ماڵەکەیدا زبڵ و داری فڕێدراو وەبار دێنێتەوە و بەرهەمی نوێی لێ چێ دەکات.

عەلی سابیر، دەرچووی ئەدەبی ئینگلیزییە لە زانکۆی سەلاحەدین، مۆبیلیات و پارچەی دیکۆری سەرنجڕاکێش لە زبڵ و داری فڕێدراو بەرهەم دێنێت، ئەو کارە تەنها بۆ بەسەربردنی کات ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی خەیاڵکردن و ئارامگرتنەوە لەلایەکەوە ژینگە دەپارێزێت و لەلایەکی دیکەوە قازانجی ئابووریی لێ دەکات. سەربانی ماڵی عەلی لە کارگەیەکی پیشەسازیی بچووک دەچێت، دیوارەکانی بە ئامێر هێڵکاری کردووە، ڕەفەکانیشی بە دارە دووبارە وەبارهێنراوەکان دروست کردووە.

ئەو کوڕە گەنجە پیشەی سەرەکیی وەرگێڕانە و دوای ڕۆژە درێژەکانی کارکردن، دەگەڕێتەوە ماڵەوە و زوو خۆی دەگەیەنێتە سەربان، لەم بارەوە دەڵێت "زۆرم در بەو ئیشەی پاش دەوامم خۆشە، وەکی دێمە ئێرە لە باتیی ماندی بم، ئیسراحەت دەکەم. فکرەی نوێ دەبینمەوە و تشتی نوێ دادەینم، خەمی دنیاییێم لە بیر دەباتەوە". ئەگەرچی ئەو پیشەی دارتاشینە لە داری فڕێدراو بۆ ئەو گەنجە سەرچاوەی ژیان نییە، بەڵام قازانجی زۆری لێ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا سوورە لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە کارەکەی بۆ پارە نییە، بەڵکو خولیایە، هەر لەبەر ئەوەشە پەلەی نییە لە دروستکردن، بەڵکو لەسەرەخۆ دەست و پەنجەی لەگەڵ کەلوپەلەکانیدا نەرم دەکات تا دەگاتە ئەو بڕوایەی بەرهەمێکی باشی بەدڵی خۆی داهێناوە.

ئەو گەنجە کە لەو دار و تەختانەی خەڵک فڕێیان دەدات، کەلوپەلی وەک مێزی میوە و چاخواردنەوە، مێزی کارکردن، کورسی، کەلوپەلی چێشتخانە و کۆمەڵێک بەرهەمی دیکە دروست دەکات، زانینی زمانی ئینگلیزی یارمەتییەکی گەورەی داوە، چونکە جگە لە دروستکردنی بەرهەم و کەلوپەلە کوردەوارییەکان، چەندین بیرۆکەی لەو کەسانەش وەرگرتووە کە لە جیهاندا گرینگی بە وەبارهێنانەوە دەدەن.

عەلی لە بارەی سەرەتای ئەو حەز و کارەی خۆیەوە دەڵێت "جاران حەزم لە گوڵدان بوو. دەمویست لە ئۆنلاین بکڕم، بەس زۆر گران بوون. لۆیێ فکرم لەوەی کردەوە بە خۆم دروستی بکەم.

هەندەک پارچە داری شکا و بێ کەڵکی مارێم خڕ کردەوە، چەکوچ و بزمارم کڕی، چەند گوڵدانەکی جوانم دروست کرد". دوای ئەوە جارێک ویستوویەتی مێزی نانخواردن بکڕێت، نرخەکەی پێ گران بووە و بیری کردووەتەوە ئەویش بۆ خۆی دروست بکات. ماوەیەک خۆی بە داری فڕێدراو و کڕینی چەند پارچە دار و پێداویستییەکی دیکە خەریک کردووە، تا بەتێچووەکی کەم ئەو مێزەشی دروست کردووە. ئەو گەنجە کە ماوەی چوار ساڵە دەستی داوەتە دار و بزمار، لە کەناڵەکەیدا لە یوتیوب بەناوی (DIY Kurdish) وردەکاریی زۆربەی کارەکانی بڵاو کردووەتەوە، هەندێک کەلوپەلی دروست کردووە، پێشتر لە هیچ شوێنێک نەبیندراون، بەڵکو بیرۆکەکە بەتەواوی هی خۆیەتی.

وەبارهێنانەوە: ڕیسایکلینگ

# جیاکردنەوەی زبڵ و خاشاك دەستی پێ کرد



هەژار مەجید


بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کەڵەکەبوونی زبڵ و خاشاکی هەولێر و دووبارە بەکارهێنانەوەی، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە چەند زبڵخانەیەکی پارێزگەی هەولێردا بەشێوەیەکی ئەزموونی پرۆژەیەکی بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی خاشاک دەست پێ کردووە. بەگوتەی بەرپرسی پرۆسەی جیاکردنەوەی زبڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکانی هەولێر، سەرجەم سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانییەکان ئاگەدار کراونەتەوە، دەست بەجیاکردنەوەی خاشاکی زبڵخانەکانی ناوچەکانیان بکەن، چونکە بەبێ زانینی پێکهاتەکەی ئاستەمە کاری لەسەر بکرێت.

لە زبڵخانەکانی کانی قرژاڵە و کۆیە و شەقڵاوە بۆ ماوەی حەفت ڕۆژ بەشێوەیەکی ئەزموونی و بەپەیڕەوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکانی خۆپارێزی، کار لەسەر جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی زبڵ کراوە، سەعید عەبدوڵڵا بەرپرسی پرۆسەی جیاکردنەوەی زبڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکانی هەولێر دەڵێ شەش کرێکار لە هەولێر و چوار کرێکار لە کۆیە و شەقڵاوە، هەریەکەیان چوار تۆن خاشاکیان جیا کردووەتەوە، ئەنجامەکەی بە ڕاپۆرت ئاراستەی وەزارەت کراوە.

خاشاک ١١ جۆر پێکهاتەی تێدایە، زۆرترینی جۆری پاشماوەی خواردنە، کەمترینیشی دار و کارتۆنە، هەر پێکهاتەیەک بەشێوازێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەشێکی دوای پاککردنەوە دەتوانرێت بەکار بهێندرێتەوە، پاشماوە خۆراکییەکان بۆ دروستکردنی پەینی کیمیایی سوودیان لێ وەردەگیرێت، ئەوەی بۆ زەوی سوودی هەیە دەکرێت بەژێر خاکەوە، ئەوەیش هیچ سوودێکی نییە و داپۆشینی زیانی هەیە، دەسووتێنرێت.

بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی جیاکردنەوەی خاشاکیش، بەرپرسەکەی شارەوانی بەگرینگی زانی زەرفی ڕەنگ جیاواز بەسەر ماڵاندا دابەش بکرێت و هەر جۆرە خاشاکێک بخرێتە ناو ڕەنگێکی تایبەت، بەو شێوەیە جیاکردنەوەکە ئاسانتر دەبێت.

# بەنگلادیشییەکەی بن دیواری قەڵات!



وێنە: عومەر کەریم

**گۆران شاخەوان**

هەر جارەک قسە دێتە سەر باسی زمان و کولتوور، ئەمن یەکراست محەمەد بەنگلادیشیم بیر دێتەوە کە بەئاکسنتێکی کوردیی پڕ لە وشەی عەرەبی و بەدەنگێکی گڕی ڕاچڵەکێنەر دەیگوت "شوورەیییە لە وڵاتەک بژی نەزانی فەرهەنگ و کولتووری چییە". پاشان بەوپەڕی متمانەبەخۆوە ئەوەشی لەسەر باقیی قسەکانی زیاد دەکرد، "بەشەر لە جێیەک ژیا، نابی هەر خەریک پارە بی".

هەر کاتێک بەرەو شەقامی پزیشکان، ئینجا بۆ پاڕکی شار تێ دەگەڕام لە چایخانەی مەچکۆ لەبەر سێبەری پیرە قەڵات دیشلەمەیەکم بەسەردا دەکرد. پاشان لای سیروانی ڕۆژنامەفرۆش بەسەرپێیی دەستێکم بەناو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەخشاند و پرسیاری یەک-دوو کتێبی تازەشم لێ دەکرد. ئینجا لە کۆڵانی شیرنیفرۆشان یاغر یاغر بەناو قەیسەریاندا بۆ شەقامی باتە شۆڕم دەکردەوە، لەوێش بەکاوەخۆ بە لای بازاڕی کتێبفرۆشان بەرەو لای گەراجە بچووکەکەی حاجی بازرگان پێ هەڵدەگەڕامەوە.

لە کۆڵانە تەسک و سەقەتەکەی تەنیشت دەرگە ژەنگاوییەکەی دائیرەی جنسیەی قەدیم، گەراجێکی ڕووبەر لاکێشە، دووکەڵی مۆەلیدەکانی ئاسمانی شاری تەنی بوو، شوێنەکە هەتا بڵێی عاسێ بوو، تا تورمبێل دەچووە ژوور، شۆفێری قوڕبەسەر دەبووایە دوو-سێ جار بەگ لێ بدا و مەترێکیش سەر لە جام بێنێتە دەر.

محەمەد لەوێ ئیشی پێ کردن و کوژاندنەوەی مۆەلیدەکانی دەکرد. حاجی خاوەن گەراج کۆخەڵیت و چاڵاوێکی لە تەنیشت مۆەلیدەکان بەجەمەلۆن بۆ پێکەوە نابوو. ئەو وەختانەی ئیشی سەرئاوی هەبایە، دەماوە دەبوو بە ڕاکەڕاک خۆی بگەیەنێتە مزگەوتی تەنیشت بینای پارێزگە. حاجی گەراجەکەی بە کرێی مانگانە دابووە دوکتۆر و پەرستارەکانی (شارع ئەتوبا). محەمەد لەو ڕووەوە سەری سووک بوو، چونکە ئەرکەکەی هەر خزمەتکردنی مۆەلیدەکان بوو. لێ هەر جارەک کە دەمبینی بە دڕدۆنگییەوە دەیگوت "حاجی گوتی بەس مۆەلیدە ئیش بکە، نە تورمبێلان".

پاش ئەوەی لە ڕێگەی برادەرێک ئاشنایەتیم لەگەڵ محەمەد پەیدا کرد، هەر جارێک چووبامە بازێڕی، بەبێ دوودڵی ترومبێلم دەبردە ئەوێ. ئەگەر لە ژووریش جێ نەبایە، لە بەردەم گەراج ترومبێلم پاڕک دەکرد. ئەوجا ئەو شەوەی لە ساڵی ٢٠١٤، داعش مەخمووری گرت، ڕۆژی پاشتر ڕێم کەوتەوە بازاڕ، گەراجی حاجی چۆڵ بوو. پاش دوو هۆڕنە لێدان، محەمەد بەخۆی و دەرپێ سپییە فشەکەی بە پەلەپەل دوای ئەوەی سۆلە لاستیکەکانی بەسەر قاچییەوە کرد، خێرا لەبن جەمەلۆنەکە هاتە دەر. هێشتا چەند مەترێکی مابوو بگاتە من دوور بەدوور شیڕاندی:

کو لێرەی؟

ئەدی بچمە کوێ؟

محەمەد تژی لە دڵگەرمی بەبێ پێچوپەنا دەستی خستە نێو گومان و بیرە هەڵبزڕکاوەکانی، ئینجا وەک شێرێکی برسی خۆی بۆ نێچیرێک مەڵاس دابێت، هاوشێوەی قەندیلەیەکی فتیلە سووتاو دەستی بە پرتەپرت کرد:

دونێ حاجی تەلەفۆن کردم، دەرێت لەگەر من وەرە ڕۆیشتینە ڕواندز.

هێشتا تفی زاری قووت نەدابوو بەسەبروکە ئەوەشی گوت "مەزرەعی دانایە".

ئەی بۆ نەچووی؟

وەڵا برام نەفەر جارەک دەمرم.

پێشتر لەگەڵ محەمەد جگە لە چاک و چۆنی بەم شێوەیە نەکەوتبوومە نێو گفتوگۆیەکی جدی. کوڕێکی دڵساف و تا بڵێی بەنمەک بوو، ئەوەی خراپ بوو دڵسافییەکەی وای لێ کردبوو خۆشباوەڕ بێت. هەرچی زمانە کوردییەکەی بوو لە ڕووی ڕێزمان و دەربڕینی فۆنیمەکان پڕ کێشە بوو، بەڵام ئەوە بوو سڵی لە قسەکردن نەدەکردەوە.

باشە پێت نەگوتم، حاجی بۆ دەیویست بتباتە مەزرەعەی؟

من هێشتا لە ترومبێلەکە دانەبەزی بووم، ئەویش هەردوو ئەنیشکی خستبوونە سەر پەنجەرەکەی لای سەکن، بەجۆرێک سەری لەنێو ترومبێل و تەواوی جەستەشی لە دەرەوە بوو.

ڕۆژنامەنووس کە کسەی دەکەن، دەبی هەموو تشت بزانن.

پێکەوە لە قاقای پێکەنینمان دا، قسەکانی زۆر تاقەتپڕووکێن بوون وەک ئەوەی برینێکی زامدار لەسەر جەستەی بێت و دەم دەم بوکلێتەوە. جارێکی دی چووە سەر زەمکردنی حاجی، بەڵام ئەمجار بەتۆنێکی لەسەرخۆ وەک بڵێی کەسێک لەپشت دیوارەکەوە چاودێریمان بکات، گوتی:

حاجی ترسنۆک دەرێ داعش بێناموس دێن لە هەولێرێ.

قسەک لە من یەک لەوی، هەتا دەهات مەجلیسەکەمان گەرمتر دەبوو. ئەکسنتێکی خۆشی هەبوو، بەمن بایە من گوێگر بم و ئەویش قسە بکات. زۆرم مەراق بوو بزانم حاجی ڕۆژانە چەندی دەداتێ، لێ پێم جوان نەبوو ڕاستەوخۆ پرسیاری پارەی لێ بکەم، بۆیە شێوازی پرسیارەکەم بەجۆرێکی دیکە گۆڕی.

ئەرێ ئیشوکار چۆنە؟ ئەی ئەو کوردییە چۆن فێر بووی؟

لەگەڵ پێکەنینێکی کورت ددانە زەرد و کەڵپە گەورەکانی تەواو دەرکەوتن، لەو دەمە تیشکی خۆر ڕووەو ئاوابوون لار دەبووەوە، هەواییێکی نەرم و فێنک ئاسمانی شاری داپۆشی، بەدەنگێک کە هێزێکی شاراوەی لە پشتەوە بوو، محەمەد سەری هەڵبڕی:

پێنج ساڵ نانی هەولێر خواردم، لە بەنگلادیش خانم کڕی.

سەتان دەرچووی زانکۆ لە شارەکەی من بە بیانووی نەبوونی ئیش و دانەمەزراندن وەک زەغەڵزەمتە لاقیان ڕاکێشاوە و دار لەسەر بەرد دانانێن، کەچی کابرایەکی بەنگلادیشی لەوسەری دونیاوە هاتووە، لێرە دینار دینار سامانی وڵاتەکەم کۆ دەکاتەوە و دەیبات لە وڵاتی خۆی سەرفی دەکات. من ئەوها لەبەر خۆمەوە قسەم دەکرد.

وەڵا لێرە پارە ئیش بکەم، عەیبە زمان کوردیش نەزانم کسەی بکەم.

محەمەد وەک ئەوەی پرسیارێک ئاراستەی من بکات، بەڵام هەر خۆشی وەڵامی دایەوە.

هەندەک بەنگلادیشی لێرە هاتییە، بەس گۆرانی حەزی لێیە، نە ئیش، نە زمان فێر نابی.

سەرێکم بۆ لەقاند و لە ترومبێل دابەزیم، بێ ئەوەی سویچ بێنمە دەر. هێشتا دەرگەم دانەخستبوو، محەمەد بۆ ژێر جەمەلۆنەکان غاری دا، لەگەڵ ئاوڕدانەوەکانی یەک-دوو جار گوێم لێ بوو بەدەنگێکی بەرز داوای کرد نەڕۆم. لەگەڵ خۆر ئاوابوون ئاسمان لە جوانی و بێ گەردیی تژی بوو، ئەستێرە بەراییەکان وردە وردە دەردەکەوتن. هەندی لە دەمێ محەمەد بەخۆی و دەفتەرەکی سەت پەڕیی بەرگ شین، جارێکی دیکە بەخۆشۆڕکردنەوە لەبن جەمەلۆنەکان دەرکەوتەوە.

هەموو قسان فێر بوون، لێرە دەنووسم.

زارم هەڵێنا خەریک بوو بڵێم ئەوەی تۆ دەیکەی ئیشی حکوومەتە، نەدەبوو مۆڵەتی ئیشکردن بەخەڵکی بیانی بدات هەتا دەورەیەکی چوار پێنج مانگی زمانی کوردییان پێ نەکات، دوایی پەشیمان بوومەوە. کابرای فەقیر کار و کاسبی دەکات، من سەرم نایەشێ، بۆ پەڕۆی لێ باڵێنم. ●

# گرافیتی.. لە ئاودەستی مزگەف



**عومەر کەریم**

ئەو ساتەی داهێنان و تێکدان، شێواندن و جوانکاری ئاوێزانی یەکدی دەبن، ئەو هونەرەی لێ چێ دەبێت، کە پێی دەڵێن گرافیتی. لەوانەیە سەرەتای ئەو هونەرە لە هەولێر بۆ سەردەمی شۆڕش بگەڕێتەوە، ئەو دەمانەی دروشمەکان لە دژی عێراقی داگیرکەر لەسەر دیوارەکان دەنووسران و وێنەی سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەکێشران.

لە قۆناغێکدا گرافیتییەکانی دژی عێراقی داگیرکەر لەسەر دیوارەکانی دەرەوە گوازرانەوە پشت کورسیی پاس و سەر دیواری ئاودەستی مزگەفتەکان و دەنووسران بژی کورد، بژی کوردستان، بژی گەل. تا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە گرافیتی چووە قۆناغێکی ئاشکرا.

ئێستە لە هەولێر و کوردستان بەگشتی، هونەری گرافیتی خاوترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا، دڵشاد شیمال دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ئاکرێ، لەم بارەوە بۆ (گڵکەند) دەڵێت «تا ئێستە بەبێ کێشە چەند کارێکی گرافیتیی لە هەولێر کردووە، چونکە لێرە وەک زۆر وڵاتی جیهان، هونەرەکە بەفەرمی قەدەغە نەکراوە، بەڵام پێش ئەوەی هەر کارێک بکەن لە هەر شوێنێک، دەبێ سەرەتا لایەنی پەیوەندیدار ئاگەدار بکەنەوە، زووتریش ئەو وێنە و هێڵکارییانەی ئەنجامی دەدەن، بۆ لایەنی پەیوەندیدار بخەنە ڕوو».

ئەو هونەرمەندە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵێک کاری نوێی هەیە، بەڵام دەستی واڵا نییە و سارد بوونەتەوە، چونکە پشتیوانی نەکراون.

ئەوەش ناشارێتەوە کە هەستێکی خۆشی هەیە کاتێک بە تەنیشت کارەکانیاندا تێدەپەڕن لە شەقامەکاندا و سەیریان دەکەنەوە، بوونەتە شانازییەک بۆیان، هەروەها بوونەتە نیشانەیەکیش بۆ شوێن و شارەکە.

لە دیارترین کارەکانی دڵشاد، چەند گرافیتییەکە لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی شەقامی سوڵتان موزەفەر، کە هەڵگری پەیامی مرۆیی و ژینگەدۆستین.

لە جیهانیشدا گرافیتی لە هونەرە باوەکانە، مێژووەکەی نادیارە، بەڵام هەندێک سەرچاوە دەیگێڕنەوە بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی، بە بەڵگەی دۆزینەوەی وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان. کە لە چەند کۆد و هێمایەک لە بریی قسە و زمان پێک هاتبوون و ئێستە پێی دەگوترێت زمانی وێنە. دواتر لەگەڵ دروستبوونی شارستانییەتەکان، بۆ نەریت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان سوودیان لێ وەرگیرا، تەنانەت لە زۆربەی شارستانییەتەکانی وەک میزۆپۆتامیا و فیرعەونەکان و مایاش،

# ئەو زەمانەی ڕۆژنامە بەرنەدەکەوت

**پشتیوان عەبدوڵڵا**

ڕۆژگارەک لەو هەولێرە، ڕۆژنامە و گۆڤاری چاپکراو وەچنگ نەدەکەوتن.

دەبوایە نۆرە بگری یان واستە و ناسیاریەتییەکت لەگەڵ ڕۆژنامەفرۆش هەبێت تا بتوانی بەئاسانی ڕۆژنامە بکڕیت و گۆڤارەکانت دەست بکەوێت.

لە حەفتاکان تا کۆتاییی نۆهەتەکانیش، ڕۆژنامە و چاپکراوەکان درەنگ دەگەیشتنە هەولێر، وەختی عەسر ڕۆژنامەی ڕۆژ دەگەیشت و بەماتۆڕێکی سێ تایە دابەشی سەر کتێبخانەکان دەکرا. ناسراوترین کتێبخانەی ئەو کاتیش کتێبخانەی تەئمیم بوو لە هەولێر، کە دەکەوتە ناوەڕاستی شێخەڵڵا و بەرانبەر بازاڕی ئێستەی نیشتمان و باخچەی خانەنشینان.

هۆکاری درەنگ گەیشتنی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی ڕۆژ بۆ هەولێر دیار نەبوو، چونکە جگە لە شارە کوردییەکان، لە عێراقدا کاتژمێر هەشتی بەیانی ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان دابەش دەکران.

ئەو کات تەواوی خانەوادەکانی هەولێر ڕۆژنامەیان دەکڕی و خوێنەری بەردەوام بوون. زەحمەت بوو ماڵێک هەبێت لەو هەولێرە ڕۆژنامەخوێنێکی تێدا نەبێت.

بەبیرم دێت سەعات دووی نیوەڕۆ خەڵک لە بەردەم کتێبخانەی تەئمیم ڕادەوەستان و نۆرەیان دەگرت بۆ ڕۆژنامە کڕین.



دیمەنی بەردەم کتێبخانەکەی (تەئمیم) لە ساڵی ١٩٧٦، کە (جومعە)ی خاوەن کتێبخانە لەوێ وەستاوە

ئەو کات نرخی ڕۆژنامەکان لە پێنج تا بیست و پێنج فلس بوون، گۆڤاریش نرخی پەنجا فلس بوو، گۆڤارە میسرییەکان نەبێت نرخیان سەد فلس بوو، بەڵام سەرجەمیان بەرنەدەکەوتن و دەفرۆشران.

لەناو ڕۆژنامەکاندا، وەرزشییەکان ڕەواجیان زۆرتر لەسەر بوو، دووشەمان پاشکۆیەکی وەرزشیی ڕۆژنامەی جمهوریە هەبوو، بەناوی ڕیازە وەشەباب، چاپی ڕەنگاوڕەنگ بوو، بە گوللەش دەست نەدەکەوت.

خەڵکی هەولێر یەک جۆر ڕۆژنامەیان نەدەکڕی، بە لای کەمەوە سێ تا چوار جۆر ڕۆژنامەیان دەکڕی. ڕۆژنامەیەکی هەفتانە هەبوو بە ناوی (ڕاسد) ساڵانێکی درێژ بەردەوام بوو، ڕۆژنامەیەکی هەمەڕەنگ بوو، ڕەواجی زۆر بوو، کەس نەبوو نەیکڕێت.

هەندێک جار ڕۆژنامەی دەستی دووش دەفرۆشرانەوە. کەسێک دەیکڕی و بەدوو سەعات دەیخوێندەوە و دواتر دەیفرۆشتەوە، یاخود ماڵێک ڕۆژنامەیان بەدەست نەکەوتبا، بە کاتی لە ماڵی جیرانیان وەردەگرت. دواتر چەند کەسێک پەیدا بوون یەک لەوانە خۆم، بەرگەی دواکەوتنی ڕۆژنامەکانم نەدەگرت، بەتایبەتی ڕۆژنامەی هاوکاری، بۆیە سەعات هەشتی بەیانی لە ڕێی گەراجەوە دەچوومە مووسڵ و ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆژنامەم دەکڕی و دەگەڕامەوە، سەعات یازدە یان دوازدە لە هەولێر بووم، پێش وادەی گەیشتنی ڕۆژنامە بۆ هەولێر، ڕۆژنامەم لا بوو، خوێندبوومەوە و بەشێکیشم بەنرخی کەمێک گرانتر دەفرۆشتەوە هاوڕێیەکانم.

ڕۆژنامەفرۆشی کارێکی خۆش بوو، بەڵام قازانجی کەم بوو. ماوەیەک لەگەڵ هاوڕێیەکم ڕۆژنامەمان دەهێنا و بەگرانتر دەمانفرۆشتەوە، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا ژمارەیەکی زۆرمن دەفرۆشت.

قۆناغی دوای ڕاپەڕین و سەردەمی یەکەم مفاوەزات لەگەڵ حکوومەتی عێراق کاتێک وێنەی سەرکردە کوردەکان لەگەڵ سەدام حوسێن لە ڕۆژنامە عێراقییەکان بڵاو کرایەوە، یەک ڕۆژنامە لە بازاڕ نەما، چووینە مووسڵ هەرچی ڕۆژنامەیە کە ڕەسمەکانی تێدایە کڕیمان. نرخی یەک ڕۆژنامە لە ڕوبعێکەوە گەیشتە یەک دینار. ●

# ـتەکانـەوە تا دیـواری قـەڵات



وێنەکان: عومەر کەریم

وەک هونەرێک لە پەرستگە و مزگەوت و کڵێساکان بەکار هاتووە.

شارەکانی نیویۆرک و دیترۆیتی ئەمەریکا، بە ناوەندی گەشەی ئەم هونەرە دادەنرێن لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دواتر پەڕییەوە بۆ بەرلین، پاریس، لەندەن و شارە گەورەکانی دیکەی جیهان.

هونەری گرافیتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ قاڵبێکی تری وەرگرتووە، پەیامێکی جیاوازتر دەدات بەراورد بەساڵانی ڕابردوو، ئێستە زیاتر وەک هونەرێکی یاخی و ناڕازی لە سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناسراوە. تەنانەت لە هەندێک وڵاتدا وەک دژایەتی بەرانبەر بە پۆلیس و دیکتاتۆر و نەژادپەرستەکان بەکار دێت. لە ئەورووپاش، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پێشاندانی پێکەوەژیان و ژینگەپارێزی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

ئەم هونەرە چونکە لە شەقامەوە دروست دەبێ و بینەرەکانی خەڵکانی سەر شەقامەکانن، پەیامەکانی ڕوون و ئاشکران، پێویستیان بەتێگەیشتنێکی قووڵ نییە. بەگشتیش بە دوو شێواز دەرکەوتووە، یەکەمیان بەنووسین، واتا بەکارهێنانی پیت و وشە. بەڵام تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، زۆر جار وشەکان زبر و نەشیاون لە ڕووی ئەدەبیاتی نێو کۆمەڵگە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کاریگەر و زەق دەرکەوێت. هەروەها بەفۆنتی گەورە و ڕەنگی جیاواز دەنووسرێن. دووەمیش بەوێنەکێشان، کە چەندین شێوە و قەبارەی جیاوازی هەیە، بەڵام دەبێ دەربڕینەکان لە فۆرمێکی ڕادیکاڵانە بن و هەستهەژێن بن، واتا بینەر زوو بەرکەوتنی لەگەڵ دروست بکات.

لە هەندێک وڵات، گرافیتی سوودی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زۆری گەیاندووە؛ بۆ نموونە شوێنەکە بووەتە ناوونیشان تا بناسرێتەوە و خەڵک لە نێوان خۆیاندا وەک تەعریف کەڵکی لێ وەرگرن. یاخود دیواری کۆن و ئەو باڵەخانە وێرانبووانەی کە تەمای نۆژەنکردنەوەیان نییە، بە وێنە دەینەخشێنن، تا سیمایەکی دیکە ببەخشێت.

لە پاڵ هەموو ئەوانەدا، گرافیتی هونەرێکی قەدەغەکراوە و بە ناسایی دادەنرێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هونەرمەندانی لە چینە هەژارەکانن و دەنگیان ناگات بەدەسەڵات یان ناڕازین، لە بەرانبەر ئەوەدا هەڵدەستن بە کێشانی وێنەی ئەو کەسانەی وەک شۆڕشگێڕ دەردەکەون دژی دەسەڵات. یاخود کێشانی وێنەی ئەوانەی بە ناهەق کوژراون. لە زۆربەی وڵاتەکانیش بەم هونەرە دەڵێن، دەنگی هەژارەکان. بەشێوەیەک، کە پرس دروست دەکات. بۆیە هەندێک وڵات، ساڵانە بودجەیەکی دیاریکراو دادەنێن بۆ ڕەشکردنەوە و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و بنبڕکردنی ئەم شێوازی دەربڕینە لە هونەر. ●

# جاران جلوبەرگی کۆییان چۆن بوو؟

شلێر سەعید

جلوبەرگی کوردەواری کە جاران زیاتر لە قوماش دروست دەکران، دەرخەری کەلێنەکانی مێژوو و شوناس و یادەوەرییەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیەن. کەم کەس هەیە بەوردی ئەم ڕاستییەی وەک فازڵ شەوڕۆ خستبێتە ڕوو، کە لە کتێبێکی ٣٧٠ لاپەڕەییدا لێکۆڵینەوەی لە جلوبەرگی کوردیی ناوچەی کۆیە کردووە.

ئەو کتێبە ساڵی ٢٠١٧ بڵاو کراوەتەوە و ١١٦ ساڵی مێژووی مۆدەی شاری کۆیە دەگرێتە خۆی، شوێنپێی ئەو جلوبەرگانە کەوتووە کە دارتاش، ئاسنگەر، سواڵکەر، ئاغا و تەنانەت پێشمەرگەش لەبەریان کردووە.

پۆشاک کەسایەتیی تاک دەردەخات، کە تا چەند گرینگی بەڕێکپۆشیی خۆی دەدات، شەوڕۆ دەڵێت "مرۆڤ بیری لە پۆشاک کردووەتەوە لە سەرەتای مێژوودا، کە بۆچی پۆشاک دەپۆشێت؟ پەیوەندییەکانی ئاین و کولتوور و تاک لەم بارەیەوە، لە کتێبەکەمدا باسی ئەو لایەنانەم کردووە. هەروەها بەشی دووەمی کتێبەکەم تایبەتە بە پۆشاکی کوردی کە تاکو ئێستە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە شتێکی وای لەسەر نەنووسراوە، بەشی سێیەمیشم تایبەت کردووە بە پۆشاکی کۆییان".

شەوڕۆ لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند)، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەرکێکی ئاسان نەبوو کار لەسەر مێژووی پۆشاکی کۆییان بکات، نەخاسمە مێژووی پۆشاکی کوردی، شار بە شار و دێ بە دێ ڕوومال بکات، ئەمە دەبێتە کارێکی یەکجار زەحمەت و تاکە کەسێک وەک کارێکی مەیدانی ناتوانێت ئەنجامی بدات. بۆیە ئەو هەوڵی داوە ڕوومالی ١١٦ ساڵی پۆشاکی کۆییان بکات، لە ساڵی ١٩٠٠ەوە تا ٢٠١٥.

لەو کتێبەدا تایبەتمەندیی پۆشاک و جلوبەرگ لە مەلۆتکەیەکی منداڵانەوە باسی لێوە کراوە تا گەورە دەبێت، تەنانەت تا دەگاتە سەر باسی کفنی مردووش کە دواهەمین پۆشاکی کەسە. شەوڕۆ دەڵێت "باسی ١٦ جۆر پۆشاکی پیشەوەرەکانی کۆیەی ڕوون کردووەتەوە، وەک پۆشاکی دارتاشی، ئاسنگەری، جۆڵایی، تەونکەری، خەمچی و کورتاندروویی، تەنانەت باسی جلی سواڵکەر و ئاغا و ئاغاژنیشی کردووە.

لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا فازڵ شەوڕۆ باسی پۆشاکی پێشمەرگەی کردووە و لەم بارەوە دەڵێت "جلوبەرگی پێشمەرگە و گۆڕانکارییەکانم لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستە باس کردووە، هەروەها باسی پۆشاکی جەژن و بۆنەکان و پرسەکانیشم کردووە تا یاریی منداڵان و وەرزش و تەنانەت پۆشاکی ئەنفالکراوانیشمان لە یاد نەکردووە". بەهۆی ئەوەی شاری کۆیە مۆزاییکی بووە لە پێکهاتەی کریستیان، جوو و موسوڵمان، لە کتێبەکەدا باسی پۆشاکی ئەو پێکهاتە ئاینییانەش کراوە. باسی ئەو کەلوپەل و پارچانەشی کردووە کە لەناو ماڵ بەکاریان هێناوە.

هەروەها لە بەشی کۆتاییی کتێبەکەدا باسی پۆشاکی هاوچەرخی کردووە، کە هەندێک شێوازی جلی کوردییان گۆڕیوە و باسی ئەوەی کردووە کە چۆن پۆشاک ڕۆڵی هەیە لە داهاتی نەتەوەیی و بازاڕ، شەوڕۆ دەڵێت "بۆ هەموو ئەو بابەتانە هەوڵم داوە وێنە پەیدا بکەم، زۆر بەمەوە ماندوو بووم تا ئەرشیفی وێنەم دروست کرد".



فازڵ شەوڕۆ پێشنیاز دەکات کتێبی پۆشاکی کۆییان بکرێتە بەردی بناغەی ئینسکلۆپیدیای کولتووریی پۆشاکی کوردی، ئەو ڕووماڵی سنووری کۆیەی کردووە لە ١١٦ ساڵی ڕابردوودا، با نووسەرێکی تر بچێتە زاخۆ و هەمان ئیش لەسەر ئەو ناوچەیە بکات، بەهەمان شێوە شارەکانی تری کوردستان ڕووماڵ بکرێن و کتێبیان لە بارەوە بنووسرێت. دەشڵێ بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا ٣٥ زانکۆ هەن، هیچیان بیریان لە ئینسکلۆپیدیایەکی کوردی نەکردووەتەوە، کە دەبوو ئینسکلۆپیدیای پۆشاک و باڵندە و گژوگیا و شاخ و کانیاوەکانی کوردستانیش هەبووایە، چونکە لە هەموو وڵاتێک هەیە و ئیشی دەزگە گەورەکانە نەک تاکە کەس. ●

# نامەیەکی بارزانی بۆ مارف خەزنەدار



**زانیار سەردار قڕگەیی**

مەلا مستەفا بارزانی لە وەڵامی نامەیەکدا کە ساڵی ١٩٦٨ لە ڕێگەی هەژار موکریانییەوە بۆ مارف خەزنەداری ناردووە، نووسیویەتی "لە خودا داوا ئەکەم گەلێک گەنجی وەک تۆ لە کورد پەیدا ببن و بتوانن خزمەت بە گەلە لێقەوماوەکەی خۆیان بکەن و بۆ ئاوەدانیی نیشتمانەکەیان تێ بکۆشن".

مەلا مستەفا بارزانی کە بەدۆستایەتیی نزیکی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کوردستان دەناسرێتەوە، بەرهەمەکانیانی بەرز نرخاندووە. لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاویشیاندا دیداری ڕاستەوخۆ یان نامە و دیاری گۆڕینەوەی هەبووە.


دوای ئەوەی مارف خەزنەدار لە مۆسکۆ خوێندن تەواو دەکات، ساڵی ١٩٦٨ دەچێتە بەغدا، ئەو کاتە هاوژینی قەنات کوردۆییێڤ بەدەستی خەزنەدار دیاریی بۆ بارزانی ناردبوو، ئەویش دیارییەکان لەگەڵ بەرهەمێکی خۆیدا بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) لە بەغدا دەگەیەنێتە دەست هەژار موکریانی، تا ئەویش بیگەیەنێتە دەست بارزانی.

بارزانی بەدیارییەکەی خەزنەدار خۆشحاڵ دەبێت کە ئەو کاتە گەنجێکی کوردستان بووە و نامەیەک بۆ بەسەرکردنەوەی دەنێرێت و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت.

مارف خەزنەدار دوای چەندین ساڵ لە نووسینێکدا سەربوردەی ئەو نامەیەی بارزانیی گێڕاوەتەوە و نووسیویەتی دوای غوربەت و دووریی هەشت ساڵ لە نیشتمان، لە ٢٠ی شوباتی ١٩٦٨ دیارییەکانی نادێژدا ڤاسیلیڤنای خێزانی مامۆستای خوالێخۆشبوو قەناتی کوردۆییڤی لەگەڵ خۆیدا بۆ ڕێزدار مستەفا بارزانی هێنابوو، کە دۆستایەتیی گەرمی لە ڕۆژگاری غوربەت و غەریبیدا لەگەڵ خێزانی کوردۆییڤ بنیات نابوو.

دەشنووسێت "لە بەغداوە نامەیەکی شەخسیم نووسی بۆ ڕێزدار مستەفا بارزانی، کە دەمناسی و چەندین جار بەیەک گەیشتبووین. لە هەواڵی گەڕانەوەم ئاگادارم کردەوە، هاوڕێی ڕۆشنبیر و دیارم هەژار، ئەو دەم لە بەغدا بوو، ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، زۆریش سوپاسم کرد، نامەکە و دیارییەکانی گەیاندە ڕێزدار بارزانی. دوای هەفتەیەک، ئەوەی بە بیرم دێت، سەرەتای مانگی مارسی ١٩٦٨، وەک وەڵام، هەژار ئەو نامەیەی بارزانیی گەیاندە دەستم". ●

# سەید کاکە حکوومەتی عێراقی هێنابووە لەرزین



**د. سنوور سەباح**

لە نووسراوێکی حکوومەتی عێراقدا دەردەکەوێت کە سەید کاکە، فارس باوە و عەریف عوسمان وسوو، بەر لە ٦٠ ساڵ حکوومەتی ئەو کاتی عێراقیان لە قوشتەپە هێنابووە لەرزین.

نووسراوەکە نهێنییە و لە ڕۆژی ٢٣/١٢/١٩٦٥ لە قایمقامیەتی هەولێر بۆ موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر نێردراوە و تێیدا لە جموجۆڵی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە سنووری قەزای قوشتەپە (ئەو کات ناحیە بوو)، ئاگەدار دەکرێتەوە.


وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە، هێزێکی ٢٠٠ پێشمەرگەیی بەفەرماندەییی فارس باوە، عەریف عوسمان وسوو و سەید کاکە گەڕاونەتەوە ناو گوندەکانی حەسەن موتریب، دووشیوان، میکانی، کانی بزرە و پەلکانە لە سنووری قوشتەپە.

نووسراوە نهێنییەکەی قایمقامیەتی هەولێر ئاشکراشی کردووە کە بارەگەی ئەو هێزەی پێشمەرگە لە دۆڵەبەکرە و چکچکە لە بناری چیای دێدەوان لە نێوان قوشتەپە و قەزای تەقتەق (ئەوکات ناحیە بوو)، کراوەتەوە.

سەید کاکە و فارس باوە، کە هەردووکیان خەڵکی دەشتی هەولێر بوون، دوو فەرماندەی ناوداری پێشمەرگە بوون لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان. ●

## بەڵگەنامەیەکی 1924 نهێنییەکە ئاشکرا دەکات

# سندووقی بەندیخانەکە چۆن دزرا؟


مدير السجون المملكة العراقية
الموضوع: بيان كيفية سرقة صندوق سجن اربيل
مقدار الأموال المسروقة



فەتحی مستەفا خدر

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە لە فەرمانگەی بەڕێوەبەری بەندیخانەکانی پادشایەتیی عێراق بە ژمارە ١٠٩٧ لە ٢٨/٢٧ی تەمووزی ١٩٢٤ دەرچووە، بەیاداشتێک نێردراوە بۆ وەزارەتی ئەو کاتی ناوەخۆی عێراق، تیایدا بەڕێوەبەری بەندیخانەی پادشایەتی لە بەغدا باسی چۆنیەتیی دزینی سندووقی بەندیخانەی هەولێر دەکات.

سندووقی بەندیخانە بۆ هەڵگرتنی پارە و پول و کەلوپەلی بەنرخ و کەسییەکانی بەندکراوان بووە، کە یاسا و ڕێنماییەکان ڕێگە نادەن بەبردنە ژوورەوەیان بۆ ناو بەندیخانەکان، لە کاتی ئازادبوونی بەندکراوەکەدا، کەلوپەلەکان لە سندووقەکە دەردەهێندرێت و بە بەندکراوی ئازادکراو دەدرێتەوە.

لە یاداشتەکەدا هاتووە کە شەوی ٢٨ی نیسانی ١٩٢٤، پەنجەرەی ژووری مەئمووری بەندیخانەی هەولێر لە ڕەگەوە هەڵکێشراوە کە دەکەوێتە دیوی دەرەوەی دیواری بەندیخانەکە و سندووقی بەندیخانەکە بە پری دزراوە.

دۆسیەکە نێردراوە بۆ پۆلیس، بەڵام پۆلیس نەیتوانیوە دزەکە یان دزەکان ئاشکرا بکات، لە پشکنین و لێکۆڵینەوەی پۆلیس و مەئمووری بەندیخانەکە و پشکنەری بەندیخانەکانی ناوچەی مووسڵ دەرکەوتووە و سەلمێندراوە کە جێگری عەریف بەناوی کازم، یەکێک بووە لە پارێزەرانی بەندیخانەکە و ئەو شەوە نۆبەتی پاسەوانیی بووە، لە کاتی دزییەکەدا خەوی لێ کەوتووە. مەئمووری بەندیخانەکە ڕاستەوخۆ سزای جێگری عەریفەکەی داوە بە بڕی پێنج ڕووپیە، وەکو سزای خەوڵێکەوتنەکەی و پێنج ڕوپیەکەی ڕادەستی سندووقی حکومەت کردووە. ئەو کەلوپەل و پارانەی لەناو سندووقەکەدا دزرابوون بایی ٩٢ ڕووپیە و پێنج عانە بوون، نرخی خەمڵێندراوی سندووقەکە ٢٥ ڕووپیە بووە، ١٢ ڕووپیە و سێ عانەی پارەی کاشی خەرجیی بەندیخانەکەشی تێدا بووە، کەلوپەل و پارەکانی دیکە کە سپاردەی بەندییەکان بووە، ٤٥ ڕووپیە و دوو عانە بووە لە سپاردەکانی بەندییەکان، لەگەڵ دوو کاتژمێری بەندییەکان کە بە ١٠ ڕووپیە خەمڵێندراون.

بەڕێوەبەری بەندیخانەی پادشایەتیی عێراق لە بەغدا لە یاداشتەکەیدا ئەوەشی نووسیوە کە داوای لە پشکنەری بەندیخانەکانی ناوچەی مووسڵ کردووە، تێبینییەکانی دیاری بکات، لەم بارەوە وەڵامی بەڕێوەبەری بەندیخانەی داوەتەوە کە کەلوپەلە دزراوەکان بخرێتە سەر ئەستۆی جێگری عەریفەکە، سەرەڕای سزای پێنج ڕوپیەکەی و لەسەر کارەکەشی دەربکرێت. ●

# محەمەد عەلی موختار

## بەر لە سەت ساڵ خانووەکەی قەڵاتی بەقوتابخانەی کچان بەخشی

نازم دڵبەند

قەڵاتی هەولێر پێش نزیکەی سەت ساڵ یەکەم قوتابخانەی کچانی لێ کرایەوە، پاش لافاوەکەی ١٩٣٧ و زیان بەرکەوتنی قوتابخانەکە، بۆ ئەوەی کچان لە خوێندن دانەبڕێن، محەمەد عەلی موختار خانووەکەی خۆی بۆ قوتابخانە بەخشی.

محەمەد عەلی موختار کەسایەتییەکی ناوداری هەولێرە، لە ١٨٩٤دا لە گەڕەکی سەرای قەڵات لەدایک بووە، لە ئیستەنبوڵ یاسای خوێندووە، پاشان گەڕاوەتەوە هەولێر و فەرمانگەی تاپۆی دامەزراندووە. دوای ئەوەی هەولێر بوو بە لیوا، محەمەد عەلی لە ١٩٢٣دا بوو بە یەکەم قازیی شار.


یەکێک لە کارە دیارەکانی ئەو کەسایەتییە ئەوەیە کە کاتێک قوتابخانەی کچان لە هەولێر ساڵی ١٩٢٧ لە سەرای عوسمانی لەناو قەڵات کرایەوە، ساڵی ١٩٣٧ بەهۆی بارانێکی بەخوڕ و دروستبوونی لافاوەوە، بەشێکی ڕووخا، دەسەڵاتداران بۆ پاراستنی گیانی قوتابییەکان بڕیار دەدەن دای بخەن، بەڵام ئەم کەسایەتییە لە پێناو بێبەشنەبوونی کچان لە خوێندن، خانووی خۆی لە قەڵات بەقوتابخانەکە بەخشی، کە کەوتبووە بەرامبەر سەرای عوسمانی لە تەنیشت حەوزی قەڵات.

محەمەد ئیبراهیم شەریف لە زاری خاتوو سەبریە حەسوون محەمەدی دایکی، کە یەکێک بووە لە کچە قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە، چیرۆکی لافاوەکەی هەولێر و دارمانی قوتابخانەکەی بۆ (گلکەند) گێڕایەوە، کە ئەو کات خانووەکانی هەولێر هەمووی لە قوڕ و کەڕپووچ و کاریتە و شەقرە دروست کرابوون، ئەوان قوتابی بوون لە قوتابخانەی سەرەتاییی کچان، لە زستانەکەی لافاوێکی گەورە زەرەر و زیانێکی زۆری بەخانووبەرە و شەقام و دوکانەکان گەیاند، قوتابخانەکەی ئەوانیش دارما و کەڵکی خوێندنی نەما، دوای ئەوە بیستیان کە پیاوێک بەناوی محەمەد عەلی موختار خانووەکەی خۆی لە قەڵات بۆ قوتابخانەکە تەرخان کردووە.

ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا لانکەی کەسایەتیی بەتوانا و لێهاتوو بووە، یەکێک لەوانە ئەحمەد موختار ئەفەندی ناسراو بە موختار ئەفەندی؛ باوکی محەمەد عەلی موختارە، کە مامۆستای ئاینی بووە لە قوتابخانەی ئەحمەدییە وانەی گوتووەتەوە، خۆیشی لە ئیستەنبوڵ بەشی یاسای خوێندووە و بووەتە ئاوقات (پارێزەر)، کاتێک دەگەڕێتەوە هەولێر دەبێتە قازی و چەندین پۆستی لە سنووری سلێمانییش وەرگرتووە، کە ئینگلیز هاتوونەتە هەولێر، زوو باوەڕی بەکۆتاییهێنان بەدەوڵەتی عوسمانی هێناوە و مامەڵەی لەگەڵ سەردەمی نوێدا کردووە.

موختارە فەندی هاوسەرگیریی لەگەڵ ئافرەتێک کردووە بەناوی نائیلە قەساب، پێنج کچ و کوڕێکی هەبووە، کوڕەکەی محەمەد عەلی موختارە، کچەکانیشی بەستی کە خێزانی شێخ حوسامەدین شێخ یەحیا بەرزنجی بووە، سوڵتانە کە خێزانی شێخ مەزهەر شێخ یەحیای خاوەنی تەکیە و مزگەفتی خانەقای هەولێر بوون، خانم کە خێزانی ئەحمەد پاشای دزەیی، بەهیەش خێزانی محەمەد ئاغای عوزێری بوو، ساڵنامە و بەڵگەکانی عوسمانی، کەسایەتیی موختار ئەفەندییان سەلماندووە، کە یەکەم ئاوقاتی هەولێر بووە.

موختار ئەفەندی لە ئاوقاتیدا خزمەتی گەورەی خەڵکی کوردستانی کردووە، ئەو کاتەی گیو موکریانی بەهۆی ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بوو و (هاووڵاتیی ئێران) بوو، لە فەرمانگەی (نفوس و ڕەگەزنامەی عێراقی)، کێشەیان بۆ دروست دەکرا، تەنانەت جارێکیان کار گەیشتە ئەوەی ڕەوانەی ئەودیوی سنووریان بکەنەوە، موختارە فەندی توانیویەتی لە ڕووی یاساییەوە هاوکاریی بکات و ڕەوانەی ئەودیو نەکرێتەوە. لەم بارەوە دکتۆرە کوردستان موکریانی کچی مامۆستا گیو دەڵێت "ئێمە منداڵ بووین، هەمیشە ئەو کێشەمان هەبوو، بابیشم باسی کەسانێکی دەکرد کە هاوکار و یارمەتیدەر بوونە بۆ دەربازبوون لە گرتن و ڕەوانەکردنەوەمان، بەڵام ناویانم بیر نایەت، دوور نییە هەر ئەو موختارە فەندییە بوبێت، چونکە ئەو پارێزەر بوو، پارێزەری ئەو کات پلە و پایەی خۆی هەبوو". ●



# ئاوی میری

## 75 ساڵە وشکی نەکردووە

هێمن ئەسکەندەر

لە ناوچەیەکدا کە زۆر جار وشکەساڵی تەنگی بەدانیشتوان هەڵدەچنی، کارێزێکی هەولێر زیاتر لە ٧٥ ساڵە بووەتە سیمبولی مانەوە و بەردەوامی، هێشتا ئاو بە شارەکە دەبەخشێت، کارێزێکی دیکەش بەر لە ١٠٨ ساڵ لە کەسنەزانەوە ڕەگی ژیانی دەگەیاندە گەڕەکەکانی سێتاقان و شێخەڵڵای ئێستە و بن قەڵات.

هەولێر کە لە کۆنەوە دوو سەرچاوەی ئاوی هەبوو، لە ڕێگەی ترومپا و بۆڕییەوە ئاویان بۆ گەڕەک و کوچە و کۆڵانەکانی شار دابین دەکرد، سەرچاوەی ئاودانی باخچەکانیش بوون.

سەید سەلیم چایچی کە هەولێرییەکی شارەزای شارەکەیە، لە بارەی سەرچاوە ئاوییەکانەوە بۆ (گڵکەند) دەڵێت یەکەم سەرچاوەی ئاوی هەولێر، کارێزی کەسنەزان بووە، کە لە ناوەڕاستی ١٩١٨ و لە سەردەمی عوسمانیەکاندا هەبووە، بۆ مەودایەکی زۆر ئاوی دەگواستەوە و دەگەیشتە گەڕەکی سێتاقان، لەوێ چەند باخچەیەک هەبوون کە هی ماڵی ئیبراهیم سێتاقانی بوون و ئاوی دەدان، دواتر ئاوەکە دەڕۆیی بۆ ئاودانی باخچە و دارەکانی عەتاوڵاغا، کە پیاوێکی زەنگین و دەستڕۆیشتووی خەڵکی قەڵاتێ بوو، باخچەی سەوزە و دار فستقەکانی و قەسرەکەی لە شوێنی شێخەڵڵای ئێستەکە بوون.

سەید سەلیم بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی باسی ئاوی کارێزی کەسنەزان کە دوای ماڵی عەتاوڵاغا، دەچوو بۆ باخچەی مەلا داود و دواتریش بۆ مزگەوتی شێخەڵڵا کە تا ئێستەیش ماوە، دواتر درێژ دەبووەوە بۆ نزیک باغی شار، لەوێشەوە بۆ مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ لە گەڕەکی خانەقا، لەو شوێنە حەوزێکی گەورە هەبوو، ئاوەکەی تێدا کۆ دەبووەوە.

ئاوەکە بە ڕۆژ شلوێ بوو و شەویش ڕوون دەبووەوە، لەوێوە بە گوێدرێژ و وڵاخ کە سەقایان پێ دەگوت، ئاویان دەفرۆشت و ماڵ بە ماڵ و گەڕەک بە گەڕەک دەگەڕان، کوپە و جەڕەی ماڵەکانیان پڕ دەکرد، نرخی ئەو ئاوە بۆ هەر ماڵێک ١٠ فلس بوو، هەندێک لە ماڵەکانیش سەری مانگان پارەکەیان دەدا.

سەرچاوەی دووەمی ئاوی هەولێریش ئاوی میرییان پێ دەگوت کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ەوە لەسەر فەرمانی مەلیک فەیسەڵ بنیات نرا و تا ئێستەیش بەردەوام ئاو بۆ بەشێک لە شارەکە دابین دەکات.

ئەو کات سەرچاوە ئاوییەکە قفڵ و کلیلی هەبوو، چەند کەسێک بەڕێوەیان دەبرد، ڕۆژانە کاریان بەماتۆڕەکە دەکرد، ئەو کەسانەش حاجی جەبار، مام تەڵعەت کارێزچی و حەمەد فەتاح کارێزچی بوون، وەکو فەرمانبەر لەسەر بیری ئاوەکە دامەزرابوون، کۆڵانی تەعجیل و خانەقا و عەرەبان سوودیان لەو سەرچاوە کارێزە وەردەگرت، شوێنەکەی لە نێوان هۆڵی میدیای ئێستە و یانەی مامۆستایان بوو، گوندێکی بچووک لەوێ نێزیک بوو، مەڕوماڵاتیان هەبوو و لەوێ دەیانشووشتن، سەرەتا ئاوەکە سازگار و پاک لە شێوەی جۆگە و کانی بوو، دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر، ترومپایەکیان لە سەرچاوە ئاوییەکە دانا و ئاوەکەیان دەگواستەوە بۆ ناو تانکیی قەڵای هەولێر و دواتر لە ڕێگەی ئەو تانکییەوە ئاوەکەیان دابەش دەکرد، لە ڕێگەی بۆڕییەوە بۆ گەڕەکەکانی عارەبان و تەعجیل و خانەقایان دەگواستەوە.

ئاوەکە تا ئێستەش ماوە و لە ڕێگەی سێ ماتۆڕی گەورەوە دابەش دەکرێت، ئەو نافوورەی ئێستەی باغی شار، سەرچاوەکەی ئەو ئاوی میرییەیە، جگە لەوە بۆڕیی ئاوەکە بەناو چایخانەی مەچکۆدا دەڕوات، بەر لەوەی چایخانەکە دروست بکرێت، ئەو بۆڕییە ئاوە هەبوو، هۆکارێک بوو کە خەڵکی لێ کۆ بێتەوە، دواتر چایخانەی مەچکۆی لەسەر دروست کرا و بووە شوێنێکی تایبەت و مێژوویی شارەکە.

## سەت ڕوپیەکەی مەلیك و پینەکەی موتەسەڕیف

د. مەجید ساڵح





ئەفسەرێکی ناوداری بەریتانی لە بارەی هاتنی مەلیک فەیسەڵەوە بۆ هەولێر لە کۆتاییی ١٩٢٤دا، دەگێڕێتەوە کاتێک مەلیک فەیسەڵ لەگەڵ موتەسەڕیفی هەولێر و یاوەرانی بۆ نوێژی هەینی چووە مزگەوتی گەورەی شار، بەپێی نەریت دەبوایە لەو بۆنەیەدا خێر بەهەژاران بکات، فەرمانی بەیاوەرەکەی کرد سەت ڕوپیە بداتە موتەسەڕیف بۆ یارمەتیدانی هەژاران. بەڵام دواتر کاتێک ئەحمەد ئەفەندی زەرفەکەی کردەوە، تەنها پەنجا ڕوپیەی تێدا بوو و هاواری لێ بەرز بووەوە، لەبەرئەوەی بەم ڕەفتارەی ناو دەربار ئاشنا نەبوو، ناڕەزاییی دەربڕی کە پارەکە پەنجا ڕوپیەی نوقسانە، بەڵام سەرۆکی تەشریفاتی مەلیک بەهێواشی پێی گوت "کاتێک مەلیک دەڵێت سەت، ئێوە دەبێت لاریتان نەبێت کە سەتە". لەبەرئەوەی ئامادەبووان فەرمانی مەلیکیان بیستبوو، کە سەت ڕوپیەی داوە، موتەسەڕیف ناچار بوو باقیی پارەکە لە سندووقی شارەوانیی هەولێر دابین بکات.

ئەو ئەفسەرە بەریتانییە کە ناوی والاس لاین بوو، بەسەرهاتێکی دیکەش سەبارەت بەدروستکردنی قوتابخانەیەک لە هەولێر دەگێڕێتەوە کاتێک هەوڵی دەدا ڕەزامەندیی پێویست بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەکی نوێ و گەورە بەدەست بهێنێت، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراق هەمیشە لە ناو بودجەی دەوڵەتدا لای دەبرد. کاتێک مەلیک دەچێتە هەولێر، ئەفسەرە بەریتانییەکە بەدەرفەتێکی باشی دەزانێت. دەگێڕێتەوە کە بەرپرسی ئیداریی ئاوەدانیی هەولێر ئەندازیارێکی ئینگلیز بوو بەناوی مەیجەر ویلیام پاوەر، چوو بۆ لای، ئەویش لە چاوترووکانێکدا نەخشەیەکی بۆ قوتابخانەکە لە دیوی تری شەقامەکە بەرامبەر بینای حکوومەت کێشا. بۆ دەروازەی قوتابخانەکەش تابلۆیەکی چیمەنتۆیی دانا، تێیدا نووسرا "بەدەستی موبارەکی گەورەمان مەلیک فەیسەڵ لە سەردانەکەیدا بۆ هەولێر بنیات نراوە"، مێژوو و ڕۆژەکەشی لەسەر نووسی. لە دەرفەتێکدا مۆڵەتی لە مەلیک وەرگرت، ئەویش بەدڵخۆشییەوە ڕەزامەندیی دەربڕی کە ڕۆژی دواتر مەراسیمەکە ئەنجام بدەن.

بەڵام ئەحمەد عوسمان ئەفەندی کە دەیزانی زۆربەی منداڵانی ئەوێ عەرەبی نازانن و هەر هێندەی منداڵانی ئینگلیزیی قۆناغی ئامادەیی فەڕەنسییان دەزانی، ناردی منداڵێکی عەرەبی زیرەکیان لە شاری حیللە هێنا و ڕاهێنانیان پێ کرد تا لە بەردەم مەلیک وتاری پێشوازی بەزمانی عەرەبی بخوێنێتەوە.

لە مەراسیمەکەدا، منداڵان ڕێپێوانیان کرد و پیاوماقووڵان لە کورسییەکانی ڕیزی پێشەوە دانیشتبوون. خاوەنشکۆ بەبیستنی وتارەکە بەعەرەبییەکی فەسیح زۆر دڵخۆش بوو. بەم شێوەیە مەراسیمەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە چوو.

بەم شێوەیە ئەفسەرەکە دواتر بەدڵخۆشییەوە نامەیەک بۆ وەزارەتی دارایی دەنووسێت و مەراسیمەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت ئێستە ئەگەر دەوێرن بودجەی بۆ تەرخان مەکەن؟ قوتابخانە نوێیەکە بەناوی ئەربیل ئولا دروست کرا.

والاس لاین ئەفسەرێکی ئینگلیز بوو، ساڵی ١٩١٧ لە سەردەمی ئینتدابی بەریتانیا هاتە کوردستان و تا ١٩٤١ لێرە مایەوە، دواتر بیرەوەرییەکانی لە کتێبێکدا بەناوی (کورد، عەرەب و ئینگلیزەکان) بڵاو کردەوە، زانیاریی زۆر وردی سەبارەت بەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی کوردستان تێدایە.

# ئەو گۆرانییەی دوای پەنجا ساڵ بوو بەترێند

دەشنێ شوان

سەلاح نەجمەدین ئەو هونەرمەندە هەولێرییەی بۆ یەکەم جار میوزیکی ڕۆژئاوای هێنایە ناو هونەری کوردی، لە تەمەنێکی بچووکدا بەهرە و زیرەکییەکی گەورەی هونەریی تێدا دەرکەوت، بەتایبەتی لە گۆرانیی (گرفتار) کە هۆنراوە و ئاوازەکەشی هی خۆی بوو.

بەم دواییە گۆرانیی (گرفتار)ی سەلاح نەجمەدین دوای تێپەڕینی نزیکەی نیو سەدە بەسەر تۆمارکردنیدا، بووە ترێندی سۆشیاڵ میدیای کوردی.

ئەو هونەرمەندە لەدایکبووی ١٩٦٠ی هەولێرە، بەستایلەکانی جاز و بلووز دەناسرێتەوە، لە سەردەمی خۆیدا نوێگەرییەکی گەورەی لە گۆرانیی کوردیدا کرد، خاوەنی هەشت ئەلبوم و ١١٧ گۆرانیی تۆمارکراوە.

سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریی دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەکەم گۆرانیی تۆمارکراوی بەناوی شلکە و تەنک بوو لە تیپی هونەریی هەولێر لە ساڵی (١٩٧٢) تۆماری کرد، دوای ئەم بەرهەمە ڕوو دەکاتە بەغدا و لەوێ گۆرانیی (ڕوبابە)ی حەسەن زیرەک دەڵێتەوە و لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆماری دەکات.

ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ڕزگار خۆشناو تیپی مۆسیقای شیلان دادەمەزرێنن، دوای ماوەیەک دابڕان لەم تیپە، ساڵی (١٩٨١) تیپی مۆسیقای ئەژین دادەمەزرێنێت، هەمان ساڵ لەگەڵ ئەو تیپە گۆرانیی (گرفتار) تۆمار دەکات .

دواتر ڕوو لە ئەوروپا دەکات و لە کاری هونەری دادەبڕێت تا لە نۆهەتەکان دەگەڕێتەوە و لە هەولێر دوکانێکی ئامێری مۆسیقا دادەنێت کە زیاتر لە نووسینگەی تیپی مۆسیقا دەچێت و گەنجانی میوزیکژەن لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ دەکەن، لەوانەش هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا ڕووی تێ دەکات، هەندێک هونەرمەندیش بەمەبەستی کارکردن لەگەڵی سەردانی دەکەن، وەکو کامەران ساڵح، دانا عەبدولجەبار و شێرکۆ کۆیی.

هونەرمەند سەلاح نەجمەدین لە لێدوانێکی تەلەفۆنیدا دەڵێت دەشێت بەهرە و خۆشەویستی بۆ گۆرانی و هونەر لە باوکییەوە بۆ مابێتەوە، چونکە باوکی گۆرانیی دەگوت و حەزی لە مۆسیقا بوو. ●

"هونەرمەندە هەولێرییەکە میوزیکی ڕۆژئاوای تێکەڵی گۆرانیی کوردی کرد"



لێرە گۆرانی و ڕاپۆرتەکە ببینە



نووری بێخاڵی

## گڵکەند و گۆڵمەزی گەنجان!

بەراورد بە سی ساڵ پێش ئێستا، نەک هەر بە هاتنی میوانێکی دەرەوە هەست بە شەرم و تەریقبوونەوە ناکەیت کە ئاخۆ بۆ پیاسە و خواردنێک بیبەیتە کوێی هەولێرێ، بگرە لەناو ئەو هەموو شوێنە دڵگیر و سەرنجڕاکێشانەی ئێستا هەن، دۆش دادەمێنی و نازانی کیهەیان هەڵبژێریت.

سەرەتای نەوەتەکان، تا ٢٠٠٠یش، ئەو هەولێرە، لە باخچەی گڵکەند و خانزاد بترازێت، یەک باخچەی دیکەی لێ نەبوو، کە بۆ سەیران و پشوو ڕووی تێ بکەیت.

ئەو دوو باخچەیەش، لەبەر نارێکی و نەبوونی خزمەتگوزاری، مەگەر لە ناچاری، دەنا هی ئەوە نەبوون، مرۆڤ دڵی پێ بکرێتەوە.

جاران هەر چایخانەکانی مەچکۆ، مام خەلیل، قەرداران، بایز و فەلافلی مشوار و ساردەمەنی ئیمان و شەربەتی ڕێزانی ناو باتە هەبوون.

لە سەرەتا و ناوەڕاستی نەوەتەکانیش، دەرگا سەرەکییەکەی گڵکەند لەو کۆڵانەی ئێستای نێوان هۆتێلی شیراتۆن و بارەگاکەی مام خدر ڕووسی بوو، تەنیا خێزان بۆی هەبوو بچێت. کوڕی گەنجی زگوورتی حەددی نەبوو تخوونی ئەو ناوە بکەوێت. ئەگەر هەیانبووبێت لە کون و کەلەبەرێکەوە دزەی کردبێت و یاساوڵەکانی باخچە پێیان زانیبا، دەتگوت فیرار و موتەخەلیفی سەربازییە، ڕاویان دەنا!

گەنجان لەو ڕۆژگارەدا، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ دیدەنی قلیان کە لەگەڵ خێزانەکانیان دەهاتنە ناو باخچەکە سواری سەری خۆیان بووبوون، یان ئەوانەی هەر بۆ مەبەستی چاوباشقاڵێکردن دابوویانە کەللەڕەقی و هەر دەبوو بچنە ناویەوە، فێڵ و فریوێکی سەیریان دۆزیبووەوە، کە شەیتانیش دەرکی پێ نەکردبوو!

گەنجانی ئەو ڕۆژگارە، بۆ ئەوەی بتوانن بچنە ژوورەوە، دەچوون بە پێدانی یەک دوو دیناری ئاسن و کڕینی پەرداخێک ئەزبەری یان تۆپەڵێک پەشمەک، قەناعەتیان بە گەنج و قەیرەکچی سواڵکەری ئەو دەوروبەرە و ناو بازاڕ دەهێنا و لەگەڵیان دەچوونە ژوورەوە. ئیدی هەر ئەوەی لە دەرگا ئاودیو ببان، هەریەکەیان و بەشوێن کەسابەتی خۆی دەکەوت، بەڵام زۆری نەبرد دەستی ئەو گەنجانە ئاشکرا بوو و ئیتر ڕیسەکەیان لێ بووەوە بە خوری و ڕواندزی گوتەنی "لە هەڕێش بوون و لە مەڕێش!"

بەڵام ئێستا زەمەن گۆڕاوە، سەرپەرشتیارانی هەنووکەی باخچەکان دەبێ بزانن چیتر لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو ناژین، سەردەمی دەستخستنە ئازادیی کەسیی ئەوانی تر بە بیانووی (پاراستنی ئادابی گشتی!) گوزەشت، هەرگیز خەیاڵیان بە لای ئەوەدا نەچێت کە بە ڕبەی پۆلیسی ئەخلاقی ئێرانی مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ ئەو گەنجانەدا بکەن کە سەرچاوەی تێکدانی پشوو و پیاسەی ئەوانی دیکە نین و ئازادیی کەسیان پێشێل نەکردووە. ●

# شوێنەوارێکی شەش هەزار ساڵی لە دەشتێ

محەمەد لەشکری

شوێنەوارناسان لە گردە خۆڵینەکانی باشووری هەولێر، ٤٧ دەفری گڵێنەییان دۆزیوەتەوە کە پاشماوەی شارستانیەتێکە ٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەشەی کردووە. زانایانی بوارەکە نەک هەر کاری دەستی، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچە و سەردەمە دەکۆڵنەوە و پەیوەندییان بە شارەوە ئاشکرا دەکەن.

هیچ شوێنێکی هەولێر نییە پاشماوەیەکی شوێنەواریی لێ نەبێت، پێشڤەچوونی زانستەکان، شوێنەوارناسیشی گرتووەتەوە، سەردەمانێک شوێنەوارناس تەنیا لە گردە گەورەکان دەگەڕان، بەڵام ئێستە لە شارە بچووکەکان و گوندەکانیش دەکۆڵنەوە، داخوا چی بوون و خەڵک چۆن ژیاون؟ پەیوەندییان بە شارە گەورەکانەوە چۆن بووە؟ لە ڕووی شارستانییەوە چەند جیاواز بوون لە شارە گەورەکان؟

گردی مەتراب کە تەپۆڵکەیەکی خۆڵییە، نزیکەی ٢٥کم لە باشووری هەولێرە، کیلۆمەترێک و نیو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی باقرتی ئێستەیە و سەر بەناحیەی شەمامکە، لە لای باکوری زنجیرە گردی عەوێنە هەیە، دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو ڕێیەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە.

ئەو گردە لە دەیەی زێڕینی شوێنەوارییی عێراق لە شێست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ئەتڵەسی عێراقی تۆمار کرا، ساڵی ١٩٧٢ وەک پێگەیەکی شوێنەواری ناسێندرا.

گردەکە لە شەش تەپۆڵکەی بچووک پێک هاتووە و لە کۆندا ڕووبارێکی وەرزی بەنێوانیان داهاتووە، بۆچوونیش وایە کە جیاوازیی مەتراب لەگەڵ گردەکانی دیکەی دەشتی هەولێر توورەگەڕێژن، بەڵام مەتراب بە هۆی کۆکراوەی خۆڵی ڕووبارەکان دروست بووە.

بۆ دووەم جار ساڵی ٢٠١٢ لە چوارچێوەی ڕووپێوی شوێنەواریی دەشتی هەولێر گردەکە ڕووپێو کراوەتەوە، لە ئەنجامدا دوو قۆناغی سەرەکیی نیشتەجێبوونی تێدا دیاری کراوە، سەردەمی کۆتاییی کانزاییی (٦٥٠٠) ساڵ پێش ئێستە لەگەڵ ئەشکانی (١٤١)ی زایینی.

پێ دەچێت ئەم نشینگەیە لە کۆتاییی سەردەمی عبێد (٦٥٠٠) ساڵ دامەزرابێت و تا کۆتایییەکانی سەردەمی ئوورووک (٥٠٠٠) ساڵ، واتە بەرەو کۆتاییی هەزارەی چوارەمی پێش زاین، بەنیشتەجێبوون مابێتەوە.

پاشان وا دەردەکەوێت کە پێگەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەجێ هێڵدرابێت؛ ئینجا بەهۆی شەڕەوە یان بەهۆی وشکەساڵی، تا (٣٢٠٠) ساڵێک پێش ئێستە و کۆتاییی چاخی ئاسنی بەردەوام بووە، لە کاتێکدا پارچەی تاسوولقەکان بەڕێژەیەکی کەم لەسەر ڕووی پێگەکەدا پەرش و بڵاو بووەتەوە؛ ئاماژەیە بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوە بەشێوەیەکی کەم، بەڵام بەردەوام.

لە سەردەمی هێلینیستیدا– ئەشکانی بەڕادەیەکی کەمتر، پێگەی مەتراب گەشەی کرد و بووە ناوەندێکی ناوچەیی بەقەبارەی نیمچە شاری بە نزیکەیی دۆنمێک، ئێستەش سێ وەرز کار کراوە لەم پێگەیە، بەپێی دەرئەنجامەکان، پێگەیەکی هەڕەمەکی نەبووە لە کاتە جیا جیاکان، بەڵکو بەشێوەیەکی نەخشە بۆ دانراو نەخشەی دروستکردنی کراوە و تایبەتمەندییەکانی شاری تێدا دەردەکەوێت.


٤٧ دەفری گڵێنەیی کە زۆرینەیان ساغن لەم پێگەیە دۆزراونەتەوە؛ لەگەڵ چەندان ئامێری بچووک کە وەک تەلیشەبەرد، بەردەچەقۆ، تەشی، ئامێری ڕستن و چنین.

ئەم دۆزراوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سەردەمی ٦٠٠٠ ساڵ پێش ئێستە دروست کراون، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان، ماڵە ناوەخۆیییەکان پشتیان بەچالاکییە جۆراوجۆرەکانی بنەمای پیشەسازی بەستبوو.

شان بەشانی گڵێنەسازی، زانیارییە ژینگەیی و زیندەوەرناسییە شوێنەوارییەکان (bioarchaeological) ڕۆشنایی دەخەنە سەر بڕیارەکانی ڕۆژانە کە پشتگیری لە خۆڕاگریی نشینگەکە دەکرد. بەڵگەکانی بەکارهێنانی پاشماوەی ئاژەڵی وەک سووتەمەنی لە ئاگردانی پێگەکە پێشنیازی خۆگونجاندن لە ناوچەیەکی فرەوانتر دەکەن لەگەڵ زیادبوونی بارودۆخی وشکە ساڵی.

بەڵگەکانی ڕووەکناسیش لە کۆندا پێشنیازی چاندنی ئەو جۆرە دانەوێڵانەیان کردووە کە دەتوانن بەرگەی وشکە ساڵی بگرن، گردی مەتراب دەخاتە ناو تۆڕێک لە کۆمەڵگەکانەوە کە تاقیکردنەوە لەسەر جۆرەکانی بەرهەم دەکەن، لەگەڵ بارانبارینی ناڕێک و گۆڕاودا. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، پاشماوەی ئاژەڵەکان کە بزن و مەڕ زاڵن، دەری دەخەن کە دانیشتوان پشتیان بەستراتیژییەکانی لەوەڕاندن بەستووە کە تەواوکەری کشتوکاڵی باراناوی بووە؛ پێ دەچێت پاشماوەی ئەم ئاژەڵانەیان وەک پێداویستی بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان و وەک سووتەمەنی بۆ ئاگردانەکان بەکار هێنابێت.

ئەم دۆزینەوانە ئەوە دەردەخەن کە نیشتەجێبوونی گوندنشینەکان تەنیا لایەنێکی لاواز نەبوون کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژینگە و فشارە دەرەکییەکان جێبەجێ بکەن، بەڵکو شوێنی چالاک بوون بۆ تاقیکردنەوە و داهێنان، کە دانیشتوان ستراتیژییەتی بژێویی بەردەوامیان پەرە پێ داوە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ ژینگەیەکی سروشتی سەخت و ناجێگیردا بگونجێنن. ●



---

بتشکێن



گۆران سەباح

## ڕێخوار

کوردستان پڕە لە ڕێخوار
حەقە وەزارەتی ڕێخوارانی کوردستان هەبێت.
ئەرێ ڕێخوار چییە، کێیە؟

بنۆڕە دەوروبەرت، شۆفێری پاس دایمە مۆبایلی لە بن گێیتی، زبڵڕێژەکان هەفتەی جارێک دێن، ئەویش زبڵدانەکەت دەشکێنن، چونکە توند بە عاردیدا دەدەن، گەنجە کۆنکانچییەکان قەت بیر لەوە ناکەنەوە فێرە پیشەیەک بن، بابت هەموو قەلبی کلاواتە، داکت هەتا دیلیڤەری هەبێت، یەک خواردن لێ نانێت، مێوان سەعات دەی شەوێ دێت، یەکی شەو دەڕوات و خۆشی پێ موسەقەفە، مودیر عام ڕۆژێ سەعاتەک دەوام دەکات و نەسریەش لێ دەدات، یەک وەزیرم پێ بڵێ سەڵاحیەت یان پلانێکی هەبێت، بەرپرسێکم پێ بڵێ منداڵەکانی شەق لە پارە هەڵنەدەن.

یەک مامۆستا بەدڵسۆزی کارەکەی خۆی ناکات، مووچەت نییە؟ دەتوانی ئیستیقالە بکەی، دکتۆرەکان خۆیان پێویستیان بەدکتۆرە، ئەندازیار لە تاقیکردنەوەی جەبر دەرناچن، پارێزەر عەرەبی نازانێت، خەیات و بۆڕیچی و کارەباچی و سەرتاش هەتا درۆ هەبێت، ڕاستی نازانن، مەلا زۆربەی ئەو قسانەی دەیکات، خۆی جێبەجێی ناکات، نووسەر لە بنەوە پارە لە حیزب وەردەگرێت، بازرگان فێڵبازە، لیستەکە درێژە.

بنۆڕە ناخی خۆت، خۆت ناناسی، ژنت هێنایە، دوای دوو مانگ لێی بێزار دەبی، سەقافەی گەشت و سینەمات نییە، نازانی سێکس بکەی، نازانی چت دەوێت لەو ژیانە، بێ ئیشی و مەجالی هیچت نییە، خۆت پێ خەبیرە و پێت وایە لە هەموو شتێک لەوسەری هاتیەوە، هیچیش نازانی، ئینتیمات لۆ هیچ شتێک نییە، تەنانەت لۆ خودی خۆشت. قەدری خۆت و خاک و خوا نازانی، دەتەوێ زوو دەوڵەمەند بی بەس هیچ ئیش نەکەی، حەز دەکەی مووچە مەزبوت بی، بەس دەوام نەکەی، حەز دەکەی سواری هەموو شتێک بی، قسە لەسەر ژینگەپارێزی دەکەی، هەر بەخۆت سەیرانگەکان پیس دەکەی، لیستەکە درێژە، وەکی ئەو بۆڕیی نێرگەلەیەی بەردەوام دەیخەیە دەمتەوە و قومی لێ دەدەی.

ڕێکخراوێکم پێ بڵێ، ئیشەکەی بەباشی بکات. چما ڕێکخراو ئیشیان هەیە؟ هەی ڕێخوارینە. ئەدی چ بکەین لەگەڵ ئەو هەموو ڕێخوارانە؟

ڕاستەڕێکردنی ئەوانە زۆر ئاسانە. بە غەڕامە. هەموو بەشەرێک، چ لێرە چ لە دەرێ، بە غەڕامە عاقڵ دەبی. قسەی خۆش و ڕێز نایخوات. ئێستە دەسەڵات لە هەموو وڵاتان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە، بەڵام دیکتاتۆرێکی نەرم و ناسک و دیموکرات، تەنیا لە ڕێی غەڕامەوە مێگەل داڕێژن.●

# مانگی میهرەجانە دێرینەکەی هەولێرێ


وێنە: گەیلان حاجی

**ئیسماعیل خالید گەڵاڵی**

هەولێر کاشانێکی گوڵ گوڵییە، لە بنەبانی مێژووەوە تا ئەورۆ ڕادەکشێ، یەک لە سەردەمە هەرە دڵگیرەکانی، لە ڕۆژانی فەرمانڕەواییی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆکبوریدا بووە، ئەو والییەی مێژوونووسی ناودار ئیبنی قایمازی زەهەبی، بەسوڵتانی دین و دنیا و پاشای مەزن و ساحێبی هەولێر نێوی دەبا.

هەولێر لە یەکێک لە سەردەمە ڕۆشنەکانیدا دەژیا، سوڵتان پیاوێکی خێرومەند بوو، ڕۆژانە نانی بەسەر هەژاراندا دەبەشییەوە، ساڵانە خەڵکی شاری بەرگ دەکردەوە و پارەی پێ دەبەخشین. چوار خانەی بۆ نەخۆش و پەککەوتە و نابینایان دروست کردبوو، دووشەمان و پێنجشەمان بەسەری دەکردنەوە و باسوخواسی دەپرسین.

خانەی ژنان و هێتیمخانەش لەولای بوەستێ، کە تەنانەت ژنی شیردەری بۆ چاودێریکردنی ساوایانی بێ دایک دامەزراندبوو. لە پاڵ چەندین نەخۆشخانە و میوانخانەی خۆڕایی بۆ مێوانانی شار و، دەیان مزگەفت و خانەقا و قوتابخانە و، لانەی بێ نەوا و دەربەدەران.

لەو دەشتە پان و بەرهەراوەی هەولێرێ کە قەڵات وەک تانجی شکۆ، باڵا و سەرکەش وەستابوو، لەو کەشوهەوایە پڕ لە بزاڤ و ڕۆحانییەتەی ئەوان، ڕۆژانە لاپەڕەیەکی تازە لە مێژووی ڕۆژهەڵات بەدەست سوڵتانی شار هەڵدەدرایەوە و لە دەسپێکی حەفتەم سەدەی کۆچیدا، شا موزەفەرەدین بڕیاری دا بەرگێکی تازە وەبەر مێژوودا بکاتەوە و، لە شادمانیی ڕۆحی و ڕەوانیدا نغرۆی بکات و، لە ئاهەنگگێڕان بە یادی لەدایکبوونی خۆشەویست بەرجەستەی بکات.

وا بوو لە ساڵی ٦٠٤ی کۆچی بەرامبەر ١٢٠٧ی زاینی بەفەرمی یەکەم میهرەجانی بەو بۆنەیەوە ڕاگەیاند.

لەوساوە، هەرکە مانگی ڕەبیعی یەکەم دادەهات، هەولێر وەک تازە بووکێ دەخەملّی و بەژنە زراڤەکەی ئارایشت دەدا. قەڵات بەرز بەرز دەیڕوانی، چرای گەش بە شوورە و دامێنی هەڵدەواسران، دەری کوچە و کۆڵانان بە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازانەوە، شار دەبووە پێتەختی ئاهەنگ و زەماوەند، دار و بەردی لەگەڵ ڕووی ئەو خەڵکە دڵباش و مرۆپەروەرە دەشنینەوە.

وەک ئیبنی خولەکان دەگێڕێتەوە؛ لە هەر چوار ئیقلیمان، لە ئێران و تووران، لە عێراق و جەزیرە و شامەوە، مێوان ڕوویان لە هەولێری پەنای ئارامیی دڵان و خانەی لانەوازان دەکرد و ڕۆحەکان پێک شا و ئاشنا دەبوون.

سفرە و خوان لە سەرتاسەری شار ڕادەخرا، سوڵتان فەرمانی دەدا سەدان سەر بەرزە و مەڕومالآت سەر دەبڕان، مەنجەڵی زنجیری گەورە وەسەر دەنران. خەڵکی شار بەتێکڕا، شان بەشانی مێوانان، هەژار و دەوڵەمەند و دارا و نەدار، لەو خواردنانەیان دەخوارد و خۆشاو و گوشراوی میوەی ئەو ڕەز و باخانەی ویلایەتیان دەنۆشی.

مێژوونووسان دەڵێن، سوڵتان بەخۆی سەرپەرشتیی ئەو خوانانەی دەکرد و ناندینەکانی بەسەر دەکردەوە و لە چاکیی خواردنەکان دڵنیا دەبوو، بەشەقام و بازاڕەکاندا دەگەڕا تا ئەرخەیان بێ لەوەی کەس بێبەش نەبووە، لە وەفیاتی ئەعیاندا هاتووە، ساڵانە سێسەد هەزار دینار لەو خێراتە شاهانەیەدا خەرج دەکرا.

تەنیا خواردن و خێر و خێرات نەبوو، ئەو جوانییەی بەئاهەنگەکانی شار دەبەخشی، بەڵکو ئەو کەشوهەوا ڕۆحییە بوو کە لەو یادەدا دەهاتە ئارا. ڕۆژانە کە ڕۆژ ئاوا دەبوو، چراکان دەئایسان، شیعر و ستایشی پێغەمبەر لە گۆڕەپانەکاندا دەخوێنران، بە یادی خۆشەویست سەدای دەنگخۆشان ئەو جیهانەی دەخستە خرۆشان. قەسیدە لەسەر مینبەران دەخوێندرانەوە، سۆفییەکان سروودیان دەچڕی و جەزبەیان دەگرت و بە سەمایەکی ڕۆحیدا بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان، چاوی ئەو ئاپۆڕا دڵگەرم و نازدارەش فرمێسکی سۆزی تێ دەزا. لە هەولێری موزەفەرەدین، یادی مەولوود وێنەیەکی زیندوو بوو لە ئاوێزانبوونی ئاین و ژیاندا؛ دەیان پەند و ئامۆژگاری لەسەر خۆنەویستی و خۆشەویستی تێدا دەور دەکرایەوە، پاشان تەهلیلە دنیای دادەگرت، دەتگوت هەولێر لەو شەوانەدا، دەبێتە میحرابێکی بەرفراوان و نوێژی شادمانی و ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵایەتیی تێدا دەکرێت.

لەو ڕۆژانەدا هەولێر شانۆی دیمەنێکی کۆمەڵایەتی بوو؛ کۆڵانەکانی پڕ ئاهەنگ، گۆڕەپانەکانی لە شەپۆلی مرۆڤ جمەی دەهات، گومبەتە بەرزەکانی کوتاڵی نیگارباشی نەخشاویان تێ ئالآبوو، بەر و بازاڕەکانی بەهاتوچۆی غەریبە و میوانان دەبووژایەوە.

مەولوود تەنیا بۆنەیەک نەبوو، بەڵکو زەماوەندێکی ئاسمانی بوو کە لە ڕێگەی سرووتێکی ئاینییەوە، دەیان وانەی مرۆیی پێشکێش دەکرد، سەخاوەت ئاوێزانی ڕۆحانییەت دەبوو، تا خودی هەولێر بوو بەو قەسیدەیەی کە دەستەکان بە سەخاوەتەوە دەیاننووسییەوە و دڵەکان بە سوخەتە جوانەکانی خۆشەویستەوە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا.

بەم جۆرە هەولێر ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بە ساتی تێپەڕبوونی مێژووەکەی نەک تەنیا ڕواڵەت، بەڵکو توانیویەتی ڕۆحیش بپارێزێت. کەسایەتییەکی مرۆپەروەر و خاکپەروەر و سپی لە باوەشی هەولێردا گووراوە، ئەو نەریتەش لە هەولێرێوە سەری هەڵداوە و بەچەندین وڵاتی جیهاندا چەکەرەی کردووە و تا ئەورۆ بەردەوامە.

یاد و یادگاریی ئەو ڕۆژ و بۆنەیەش لە تۆماری ئەشعاری زۆر لە بوێژ و شاعیراندا یادی کراوەتەوە و لەسەر دەستی ڕەشاد موفتی قازیی هەولێرێ و مەلا خدری دەشتی و چەندین شاعیری دی بەکوردی هۆنراوەتەوە. ●

## 300 لۆ هەولێر

شێرزاد هەینی

### ناوی منداڵەکانم

لەگەڵ بزاڤ و هەستی کوردایەتی ناوی کوردی لەناو منداڵان زۆرتر دەبێت، دایک و باوکە دڵسۆزەکانی کوردایەتی، وڵاتپارێز بوون، ناوی جوانیان بە زۆر مەبەست، لە منداڵەکانیان دەنا.

ئەوەی لێرە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ساڵانی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ ناوی کوردیی منداڵان زۆرتر بووبوو، ئەوەش مانای ئەوە نییە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ناوی کوردی نەبووە، بەڵام لەو ساڵانە زۆرتر بووبوو. لەبەر ناوە جوانەکان، هەندێ جار خێزانە عەرەبەکانیش، ناوی کوردییان لە منداڵەکانیان دەنا.

ناوی منداڵانی خێزانەکانی هەولێر؛ خوێندەوار، ئەرستوکرات، گوندی، شارستانەکان، ناوەکانیان کوردی بوون. زۆریش بەدوای ناوی نوێدا دەگەڕان، دەیانپرسی ناوێکمان دەوێ کەس نەیبێت. بۆ ناوەکان ناوی؛ دار، بەرد، کانی، جۆخین، ڕێگە، شاخەکانیان بەکار دەهێنا! بۆ کچانیش ناوی گوڵ، دیمەنە سیحراوییەکان، سۆزە شیرینەکان بەکار دەهات.

من یەکێک بووم لەوانەی ناوی ناوازەی کوردیی زۆرم لە منداڵان ناوە، لە خێزانەکەمان، خزم و کەسەکانم، هاوسێ، هاوکارەکانم، دوایی منداڵەکانی خۆم!

بەڵام ئێستە ناو لە منداڵان نانێم، چونکە بە ناوەکان ڕازی نابن، بەقسەشم ناکەن.

لە ساڵی ١٩٨٠، لەو دەمانەی شەڕی خوێناویی ئێران – عێراق گەرم و دژوار بوو، نۆبەرەکەم ناو نا کاژڤان.

زۆر دەیانپرسی مانای چییە، ئەو ناوەت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟ بەناوی کێت کردووە؟ منیش جاروبار وەڵامم دەدانەوە، دەمگوت کاژڤانم، بە یادی دار کاژەکانی سوارەتووکەی بادینان کردووە! هەروەها ناوەکەم لە وشەی ‹‹کاژ››، داری کاژی ناو ڕۆمانی ‹‹ئەفسانەی چیای ئاگری››ی یەشار کەمال، لە وەرگێڕانی ڕەوانشاد ‹‹شوکور مەستەفا›› دۆزیوەتەوە.

لەوێ وەک دارێکی پیرۆز باس کراوە. دارەکە هەمیشە کەسکە، بەرگریی سەرما، گۆڕانکارییەکانی سروشتی گرتووە.

دوای چەند ساڵ هاوڕێیەکم لە دائیرە بەڕەزامەندیی من، ناوی لە نۆبەرەکەی نا کاژڤان. ئەویشم چەند جار لە هەولێر دیوە. تەمەنی هەمووتان، هەموو ‹‹کاژڤان››ەکان؛ وەک کاژ کەسک و زۆر بێت!

لە ساڵی ١٩٨٢ کچێکمان بوو ناوم نا کەڤان. بەو مەبەستەی ناوێکی ناوازی دەگمەنە لەو شارە! بەڵام پاش چەند ڕۆژێک چووم نفوسەکەی وەربگرمەوە، کابرا گوتی فەرموو کەڤان شێرزاد، منیش وەرم گرت، نفوسەکەم لە گیرفانم دانا، دوایی گوتم با بزانم ناوەکەیان جوان نووسیوە، بینیم نووسرابوو، کەڤان شێرزاد تەیب، گەڕامەوە گوتم؛ کاکە ناوی باپیرتان هەڵە نووسیوە، گوتیان موستەحیلە! دوایی دەرکەوت لە هەمان ڕۆژ، هەر لەو شارە ئەو ناوە بۆ منداڵێکی تر بەکار هاتووە. ●

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (23), Monday 1/9/2025



